
# مارکسیزم و ئەنارکیزم



نووسینی : Daniel Guérin

و. لە فارسییەوە : هەژێن

لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان

جانیوەری 2010

# مارکسیزم و ئەنارکیزم*

## ١.

لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە، گرفتێکی زۆر لەبەردەماندا قوتدەکاتەوە، لە یەکەمینەکانەوە دەستپێدەکەین. چی لە واژەی «مارکسیزم» تێدەگەین؟ مەبەستمان لە کامە «مارکسیزم»ە؟

لێرەدا بە پێویستی دەزانم دەستبەجێ وەڵام بدەمەوە: مەبەستی ئێمە لە "مارکسیزم" کۆمەڵە نووسینەکانی مارکس (Marx)** و ئەنگلس (Engels)ن نەك پاشڕەوانی ئەوان، کە بەبێوەفاییەکی کەم یا زۆر بەرامبەر ئەوان، مارکەی «مارکسیستی»یان لە خۆیان داوە. نموونەی ئاشکرا لەم بارەوە مارکسیزمی شێوێنراو و تەنانەت دژەخونی لێکراوی سۆشیال-دێمۆکراتەکانی ئاڵمانە.

لە دەمی ژیانی مارکس وساڵەکانی سەرەتای دامەزراندنی پارتی سۆشیال-دێمۆکراتی ئاڵمان، سۆشیال-دێمۆکراتەکان دروشمی جۆرێك لە «دەوڵەتی خەڵکی» پاگەندەییان پێشنیار دەکرد. مارکس و ئەنگلس بۆی هەیە لە خۆشی ئەوەی کە سەرەنجام پارتێك بە لایەنگری زۆرەوە لە ئاڵمان خۆی بە لایەنگری ئەوان، خۆی ڕادەگەیاند، زۆر سەیر لەم بارەوە ناڕۆشنییان نیشاندا و تەنیا پەردەهەڵماڵینە تووند بەردەوامەکانی باکۆنین (Bakunin) لەبارەی «دەوڵەتی خەڵکی»ی و پەیوەندی سۆشیال-دێمۆکراتەکان لەتەك پارتی بۆرژوازی رادیکاڵ، بوو، کە مارکس و ئەنگلسی ناچار بە پشتکردن لە وەها دروشم و کارکردێك کرد.

# Marksîzm û Enarkîzm*

## I .

lêkollînewey em babete, griftêkî zor leberdemanda qutdekatewe, le yekemînekanewe destpêdekeyn. çî le wajey "marksîzm" têdegeyn? mebestman le kame "marksîzm"e?

lêreda be pêwîstî dezanim destbecê wellam bdemewe: mebestî ême le “marksîzm” komelle nûsînekanî markis (Marx)** û englis (Engels)ni nek paşrrewanî ewan, ke bebêwefayyekî kem ya zor beramber ewan, markey "marksîstî"yan le xoyan dawe. nmûney aşkra lem barewe marksîzmî şêwênraw û tenanet djexunî lêkrawî soşyal-dêmokratekanî allmane.

le demî jyanî markis û sallekanî seretay damezrandnî partî soşyal-dêmokratî allman, soşyal-dêmokratekan druşmî corêk le "dewlletî xellkî" pagendeyyan pêşnyar dekird. markis û englis boy heye le xoşî ewey ke serencam partêk be layengrî zorewe le allman xoy be layengrî ewan, xoy radegeyand, zor seyr lem barewe narroşnîyan nîşanda û tenya perdehellmallîne tûnid berdewamekanî bakonîn (Bakunin) lebarey "dewlletî xellkî"î û peywendî soşyal-dêmokratekan letek partî borijwazî radîkall, bû, ke markis û engilsî naçar be piştkirdin le weha druşm û karkirdêk kird.

پاش ماوەیەك دواتر، (ئەنگلس)ی بەسالاچوو لە ساڵی 1895دا لە پێشەکییە بەناوبانگەکەیدا، کە بۆ پەرتووکی «خەباتی چینایەتی لە فەرەنسە»ی مارکسی نووسی – هەر لەم پێشەکییەدا بوو کە وی- بە پێداچوونەوەیەکی تەواو لە مارکسیزمدا، ڕێگەی ڕیفۆرمیزمی گرتەبەر. بە واتای ئەوەی کە پێ لەسەر سوودوەرگرتن لە کارتی ڕاپرسی وەك ئامرازێکی باڵا (نموونەیی) و تەنانەت تاکە ئامرازی بەدەستەوەگرتنی دەسەلات، دادەگرێت. لێرەدا چیتر ئەنگلس بەو چەمکەی من مەبەستمە، مارکسیست نییە. دواتر کارل کاوتسکی (Karl Kautsky) بەشێوەیەکی دوو لایەنە، دەبێتە جێگرەوەی مارکس و ئەنگلس. وی لە تیئۆریدا واینێشان دەدایەوە، کە هێشتاکە لە بواری خەباتی چینایەتیدا، شۆڕشگێڕ ماوەتەوە، بەڵام بەکردەوە بێجگە لە پەردەپۆشکردنی کردە تەواو هەڵپەرستانە و ڕیفۆرمیستییەکانی پارتەکەی، شتێکی تری نەدەکرد.

لە هەمان کاتدا، ئێدوارد برنشتاین (Eduard Bernstaein)، کە ئەویش پاگەندەی «مارکسیست»بوونی دەکرد، لەڕاستیدا هەنگاوێك لە کاوتسکی واوەتر نەڕۆیشت و بەئاشکرا خەباتی چینایەتی ڕەتکردەوە و لەبەرامبەر هەڵبژاردنگەری، پارلەمانگەری و ڕیفۆرمی کۆمەلایەتیدا بەبەجێماوی دەزانێت.

لەلایەکی ترەوە کاوتسکی ڕایدەگەیاند، وتنی ئەوەی کە هوشیاری سۆشیالیستی ئەنجامی پێویست و ڕاستەوخۆی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریایە : "تەواو هەڵەیە". بە باوەڕی وی: دەبێت ئەوە بزانین، کە سۆشیالیزم و خەباتی چینایەتی لەیەکەوە سەرچاوە

paş maweyek dwatir, (englis)î besallaçû le sallî 1895da le pêşekîye benawbangekeyda, ke bo pertûkî "xebatî çînayetî le ferense"î marksî nûsî – her lem pêşekîyeda bû ke wî- be pêdaçûneweyekî tewaw le marksîzimda, rêgey rîformîzmî girteber. be watay ewey ke pê leser sûdwergirtin le kartî rapirsî wek amrazêkî balla (nmûneyî) û tenanet take amrazî bedestewegirtnî deselat, dadegrêt. lêreda çîtir englis bew çemkey min mebestme, marksîst nîye. dwatir karl kawtiskî (Karl Kautiskiy) beşêweyekî dû layene, debête cêgrewey markis û englis. wî le tîorîda waynêşan dedayewe, ke hêştake le bwarî xebatî çînayetîda, şorrişgêrr mawetewe, bellam bekirdewe bêcge le perdepoşkirdnî kirde tewaw hellperistane û rîformîstîyekanî partekey, ştêkî trî nedekird.

le heman katda, êdward brinîştayn (Eduard Bernistaein), ke ewîş pagendey "marksîst"bûnî dekird, lerrastîda hengawêk le kawtiskî wawetir nerroyişt û beaşkra xebatî çînayetî retkirdewe û leberamber hellbjardingerî, parlemangerî û rîformî komellayetîda bebecêmawî dezanêt.

lelayekî trewe kawtiskî raydegeyand, witnî ewey ke huşyarî soşyalîstî encamî pêwîst û rastewxoy xebatî çînayetî prolîtaryaye : "tewaw helleye". be bawerrî wî: debêt ewe bzanîn, ke soşyalîzm û xebatî çînayetî leyekewe serçawe

نـاگرن، بـەڵکـو بـەرئـەنجـامی پێشـمـەرجی دیکـەن. بـەواتـایـەکیتر هوشیاری سۆشیالیستی بەرهەمی زانست بووە. هەڵگری زانست پرۆلیتاریا نییە، بەڵکو ڕۆشنبیرانی بۆرژوازین و بە هۆی ئەوانەوەیە، کە سۆشیالیزم بۆ پرۆلیتاریا "دەگوێزرێتەوە". سەرەنجام: "هوشیاری سۆشیالیستی توخمێکە، کە لە دەرەوە دێتە ناو خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریاوە و نەك شتێك کە خۆبەخۆ لەو خەباتەوە بێتە ئاراوە."

تەنیا تیۆریسیۆنێك کە لە سۆشیال-دیموکراسی ئاڵماندا بە مارکسیزمی ڕەسەن وەفادار مایەوە، ڕۆزا لوکسێمبورگ (Rosa Luxemburg) بوو. لەبەر ئەوە ناچار بوو زۆر سازشگەلی تاکتیکی لەتەك رابەری پارتەکەی ئەنجام بدات. ڕۆزا هیچکات بێپەردە بێبێل (Bebel) و کاوتسکی نەدەدایەبەر ڕەخنە. بەر لە ساڵی 1910، وی مشتومڕی ئاشکرای لەتەك کاوتسکی دەستپێنەکرد، کە ئەوکات فێرکاری پێشووی بۆچوونی مانگرتنی ڕامیاریی جەماوەری ڕەتکردەوە. ڕۆزا بەتایبەت هەوڵیدەدا نزیکی بۆچوونەکانی خۆی لەتەك ئەنارکیزم، کە بەرهەمی تیئۆری وی لەمەڕ خۆبەخۆیی شۆڕشی جەماوەری بوو، بشارێتەوە. وەها هەوڵێك، وی ناچار بەپەنابردن بۆ جنێودان بەئەنارکیستەکان کرد. بەم شێوە وی پێیوابوو، پارتەکەی کە چ لە ڕووی بیروباورەوە و چ لە ڕووی مالییەوە (دەبێت ئەوەش بڵێین، چونکە ئەوڕۆکە لێی بەئاگاین) بەوەی وابەستە بوو؛ دەخاتە مەترسییەوە.

بەڵام وێرای جیاوازی لە ناودا، ناکۆکی ڕیشەیی لەنێوان مانگرتنی گشتی ئەنارکۆ-سەندیکالیستەکان و ئەوەی کە ڕۆزا

nagrin, bellku berencamî pêşmercî dîken. bewatayekîtir huşyarî soşyalîstî berhemî zanist buwe. hellgrî zanist prolîtarya nîye, bellku roşinbîranî borijwazîn û be hoy ewaneweye, ke soşyalîzm bo prolîtarya “degwêzrêtewe“. serencam: “huşyarî soşyalîstî tuxmêke, ke le derewe dête naw xebatî çînayetî prolîtaryawe û nek ştêk ke xobexo lew xebatewe bête arawe.“

tenya tyorîsyonêk ke le soşyal-dîmukrasî allmanda be marksîzmî resen wefadar mayewe, roza luksêmburg (Rosa Luxemburg) bû. leber ewe naçar bû zor sazişgelî taktîkî letek raberî partekey encam bdat. roza hîçkat bêperde bêbil (Bebel) û kawtiskî nededayeber rexne. ber le sallî 1910, wî miştumrrî aşkray letek kawtiskî destpênekird, ke ewkat fêrkarî pêşûy boçûnî mangirtnî ramyarîy cemawerî retkirdewe. roza betaybet hewllîdeda nzîkî boçûnekanî xoy letek enarkîzm, ke berhemî tîorî wî lemerr xobexoyî şorrşî cemawerî bû, bşarêtewe. weha hewllêk, wî naçar bepenabirdin bo cnêwdan beenarkîstekan kird. bem şêwe wî pêywabû, partekey ke çi le rûy bîrubawrewe û çi le rûy malîyewe (debêt eweş bllêyn, çunke ewroke lêy beagayn) bewey wabeste bû; dexate metirsîyewe.

bellam wêray cyawazî le nawda, nakokî rîşeyî lenêwan mangirtnî giştî enarko-sendîkalîstekan û ewey ke roza

لوکسێمبورگ بە پارێزەوە هەوڵیدەدا بە «مانگرتنی جەماوەری» نێوی بنێت، لە ئارادا نییە. لەلایەکی تریشەوە، مشتومڕەکانی کە یەکەمیان لە 1904 لەتەك لێنین (Lenin) و دواترینیان لە ساڵی 1918دا لەتەك بۆلشەڤیزمی بەدەسەڵاتگەیشتوو ڕوویدا، فرە لە ئەنارکیزمەوە دوور نەبوو. دواییین تێڕوانینەکانی وی لەنێو بزووتنەوەی سپارتاکیستەکان لە ساڵی 1918دا لەمەڕ سۆشیالیزمی پێشڕەوگەر لەخوارەوەڕا بۆ سەرەوە و لەڕێگەی سۆڤیەتە کاگەرییەکانەوە، لەسەر ئەم پۆلە دەژمێردرین. ڕۆزا لوکسێمبورگ بەیەکێك لە بازنەکانی پەیوەستبوونەوەی ئەنارکیزم و مارکسیزمی نەشێوێنراو دەژمێردرێت.

بەڵام مارکسیزمی ڕەسەن تەنیا لەلایەن سۆشیال-دێمۆکراتەکانی ئالمانەوە نە شێوێندرا. بەڵکو ئەوە لێنین بوو، کە لە ئاستێکی فراواندا ئاوەژووی کرد. وی بە شێوەیەکی بەرچاو خاڵگەلی ژاکۆبین (Jakobin)ی و دەسەڵاتخوازی کە هەندێك کات لە نووسینەکانی مارکس و ئەنگلس دا دەرکەوتبوون، قوڵتر کردەوە. وی باڵادەستی ناوەندگەرایی و دەرکی بیرتەسکانە و دەستەگەرایانەی پارتی (ئەوەش تەنیا یەك پارت) و بەتایبەت پیشەیيبوونی کاری شۆڕشگێڕانەی وەك ڕابەرانی جەماوەری هێنایە نێو مارکسیزمەوە. وەها چەمکگەلێك لە نووسینەکانی مارکسدا زۆر دەستناکەون و ئەگەر هەشبن لەشێوەی کۆرپەیی و سەرەتاییدان. لەتەك ئەوەشدا لێنین سۆشیال-دێمۆکراتەکان بەتوندی لەوەی کە ئەنارکیستەکان بە کەم دەگرن، دەداتەبەر ڕەخنە و لە نامیلکەی «دەوڵەت و شۆڕش»دا بەشێکی تەواو بۆ

luksêmburg be parêzewe hewllîdeda be "mangirtnî cemawerî" nêwî bnêt, le arada nîye. lelayekî trîşewe, miştumrrekanî ke yekemyan le 1904 letek lênîn (Lenin) û dwatrînyan le sallî 1918da letek bolşevîzmî bedesellatgeyiştû rûyda, fre le enarkîzmewe dûr nebû. dwayîn têrrwanînekanî wî lenêw bzûtnewey spartakîstekan le sallî 1918da lemerr soşyalîzmî pêşrrewger lexwarewerra bo serewe û lerrêgey sovyete kagerîyekanewe, leser em pole dejmêrdrîn. roza luksêmburg beyekêk le baznekanî peywestbûnewey enarkîzm û marksîzmî neşêwênraw dejmêrdrêt.

bellam marksîzmî resen tenya lelayen soşyal-dêmokratekanî allmanewe ne şêwêndra. bellku ewe lênîn bû, ke le astêkî frawanda awejûy kird. wî be şêweyekî berçaw xallgelî jakobîn (Jakobin)î û desellatixwazî ke hendêk kat le nûsînekanî markis û englis da derkewtbûn, qulltir kirdewe. wî balladestî nawendgerayî û derkî bîrteskane û destegerayaney partî (eweş tenya yek part) û betaybet pîşeyîbûnî karî şorrişgêrraney wek raberanî cemawerî hênaye nêw marksîzmewe. weha çemkgelêk le nûsînekanî markisda zor destnakewn û eger heşbin leşêwey korpeyî û seretayîdan. letek eweşda lênîn soşyal-dêmokratekan betundî lewey ke enarkîstekan be kem degrin, dedateber rexne û le namîlkey "dewllet û şorrş"da beşêkî tewaw

ستایشی ئەنارکیستەکان لەبەر وەفادارییان بۆ شۆڕش، تەرخان دەکات.

## II.

کاری ئێمە لە گرفتی دووەمدایە. ئەندێشەی مارکس و ئەنگلس خۆی لە خۆیدا بەرادەیەك تێگەیشتنی دژوارە. لەبەر ئەوەی کە لە ماوەی نیو سەدە کاردا زۆر بەتوندی پەرەی سەند و هەروەها لەبەر ئەوەی مارکس و ئەنگلس پەیگیرانە هەوڵیانداوە، ڕووداوە کەتوارییەکانی سەردەمی خۆیان بشکێننەوە (انعکاس). سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی کە لێکدەرەوانێکی ئەورۆکەیی - لەنێویاندا نوێنەرێکی کلیساش – دەیدەن، هیچ بنەمایەکی باوەڕی مارکسیستی بوونی نییە.

با بۆ ئەم مەبەستە نموونەیەك بهێنینەوە: مارکسی لاو و مرۆڤدۆست، شاگردی فۆیەرباخ (Feuerbach)ی فەیلەسوف، بەگشتی لە مارکسی سالانی پێگەیینی کە دواتر خۆی گیرۆدەی دیاریگەریی زانستی توند و دژوار کردووە، جیاوازە. مارکسی ڕۆژنامەی ڕاینی نوێ (Neue Raihnische Zeitung) - بلاوکراوەیەك، کە تەنیا پاگەندەی دیموکراتبوون و لە هەوڵی یەکیتی لەتەك بۆرژوازی ئالمانیدا بوو، هیچ وێکچوونێکی لەتەك مارکسی ساڵی 1850 واتە مارکسی کۆمونیست و تەنانەت بلانکیست (Blanquist)، کە ئاوازی شۆڕشی بەردەوام، کاری ڕامیاریی سەربەخۆی کۆمونیستی و دروشمی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای دەدا، نییە.

bo stayşî enarkîstekan leber wefadarîyan bo şorrş, terxan dekat.

## II.

karî ême le griftî duwemdaye. endêşey markis û englis xoy le xoyda beradeyek têgeyiştnî dijware. leber ewey ke le mawey nîw sede karda zor betundî perey send û herweha leber ewey markis û englis peygîrane hewllyandawe, rûdawe ketwarîyekanî serdemî xoyan bişkênnewe (an'kas). sererray hemû ew hewllaney ke lêkderewanêkî ewrokeyî - lenêwyanda nwênerêkî klîsaş – deyden, hîç bnemayekî bawerrî marksîstî bûnî nîye.

ba bo em mebeste nmûneyek bhênînewe: marksî law û mrovdost, şagirdî foyerbax (Feuerbach)î feylesuf, begiştî le marksî sallanî pêgeyînî ke dwatir xoy gîrodey dyarîgerîy zanistî tund û dijwar kirduwe, cyawaze. marksî rojnamey raynî nwê (Neue Raihnische Zeitung) - bllawkraweyek, ke tenya pagendey dîmukratbûn û le hewllî yekîtî letek borijwazî allmanda bû, hîç wêkçûnêkî letek marksî sallî 1850 wate marksî komunîst û tenanet blankîst (Blanquist), ke awazî şorrşî berdewam, karî ramyarîy serbexoy komunîstî û druşmî dîktatorî prrolîtaryay deda, nîye.

هەنــدێك جیــاوازییش لەنێــوان بەشــەكانی مانیفێســتی 1848 و هەنــدێك داواكاریــدا، ئەوەی كە دەوڵەت بە زۆردارەكــی دەســت بەسەر سەراپای ئابووریدا بگرێت و ڕوونكردنەوەكانی دواتـر، كە تیایانــدا دەوڵەت بەهــۆی «پەیوەنــدییە كۆمەڵایەتییەكــانەوە» جێگەی دەگیــردرێتەوە، هەیە.[1] ماركســی ســاڵانی دواتــر، كە شۆڕشــی نێـونەتەوەیی بەداهـاتوویەكی دوور دەسپارد و خـۆی لە پەرتووكخانەی مۆزەخانەكانی بریتانیـا گۆشـەگیر دەكرد، تـاوەكو دەست بداتە لێكۆڵینەوەی زانستی فـراوان و گـران. كەسێكی تەواو جیــاوازە، لە ماركســی ڕاپەڕێنخــوازی 1850 كە بــاوەڕی بە ڕاپەڕینی گشتی و دەستبەجێ هەبوو.

ماركس كە لە ساڵەكانی 1864 – 1869 سـەرەتا لە پشتپەردەوە ڕۆڵـی ڕاوێژكـاری تـایبەت و ڕێخكەری لە دەسـەڵات دوورەپەرێـزی كـارگەرانی كۆوەبـوو لە نێـونەتەوەی یەكەمدا دەگێـڕا، لە پڕێكـدا سـاڵی 1870 دەگـۆڕێت بە ماركسـێكی فـرە دەسـەڵاتخواز، كە لە «لەنـدەن»ەوە فەرمـان بـۆ ئەنجـومەنی گشـتی ئینتەرناسـیونال دەردەكــات. مــاركس كە لە ســەرەتای 1871دا بەتوونــدی دژی ڕاپەڕینی پاریس بوو، ماركسێك نییە كە كەمێك دواتر لە نـامیلكە بەناوبـانگەكەی خۆیـدا بەنێـوی "شـەڕی نێوخـۆیی لە فەرەنسـە"، دەكەوێتە نرخاندنی كۆمونەی پـاریس و زۆرێك لە لایەنەكـانی تـا ئەوپەڕی ڕادەی خوازراو دەستنیشان دەكات.

دواجـار ماركسـێك كە لە هەمـان نـامیلكەدا لەسـەر ئەم خـاڵە پێـدادەگرێت، ماركسێك نییە كە لە نامەیەكـدا لەمەڕ بەرنـامەی گۆتا (Gothaer Programm) بەبێ ئەملاوئەولا دەیەوێت

hendêk cyawazîyş lenêwan beşekanî manîfêstî 1848 û hendêk dawakarîda, ewey ke dewllet be zordarekî dest beser serapay abûrîda bigrêt û rûnkirdnewekanî dwatir, ke tyayanda dewllet behoy "peywendîye komellayetîyekanewe" cêgey degîrdrêtewe, heye.[1] marksî sallanî dwatir, ke şorrşî nêwneteweyî bedahatûyekî dûr despard û xoy le pertûkxaney mozexanekanî brîtanya goşegîr dekird, taweku dest bdate lêkollînewey zanistî frawan û gran. kesêkî tewaw cyawaze, le marksî raperrênixwazî 1850 ke bawerrî be raperrînî giştî û destbecê hebû.

markis ke le sallekanî 1864 – 1869 sereta le piştperdewe rollî rawêjkarî taybet û rêxkerî le desellat dûreperêzî kargeranî kowebû le nêwnetewey yekemda degêrra, le prrêkda sallî 1870 degorrêt be marksêkî fre desellatixwaz, ke le "lenden"ewe ferman bo encumenî giştî înternasîwnall derdekat. markis ke le seretay 1871da betûndî djî raperrînî parîs bû, marksêk nîye ke kemêk dwatir le namîlke benawbangekey xoyda benêwî “şerrî nêwxoyî le ferense", dekewête nirxandnî komuney parîs û zorêk le layenekanî ta ewperrî radey xwazraw destnîşan dekat.

dwacar marksêk ke le heman namîlkeda leser em xalle pêdadegrêt, marksêk nîye ke le nameyekda lemerr bernamey gota (Gothaer Programim) bebê emlawewla

بیسەلمێنێت، کە دەبێت دەوڵەت بۆ ماوەیەکی ت ڕادەیەك درێژ پاش شۆڕشی پرۆلیتێری درێژە بەژیانی خۆی بدات.

دەتوانین لە ماوەی ساڵانێکدا شوێن پێی تەواوی ئەم پاشگەزبوونەوە و هەڵبەزودابەزە زیکزاکیانە هەڵگرین. بەمجۆرە نابێت مارکسیزمی ڕەسەن، واتە نووسینەکانی (مارکس و ئەنگلس)یش وەك کۆمەڵێکی وەك یەك و تەبا لەبەرچاو بگیرێن. بەڵکو پێویستە لە بۆتەی تاقیکاری ڕەخنەیی و ورددا دابنرێت و تەنیا ئەو خالانەی لێوە وەربگیرێت، کە پەیوەندی نزیکیان لەتەك کۆمونیزمی ئازادیخوازانە (Libertarian communism)دا هەیە.[2]

## .III

هەنووکە لەبەردەم گرفتی سێیەم وەستاوین: "ئەنارکیزم"یش کەمتر لە مارکسیزم لە چوارچێوەی باوەڕی لەیەکچوو بەهرەمەندە. بەوجۆرەی کە لە نامیلکەی "ئانارکیزم"دا باسم لێوەکردووە، ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتداری و پێداگرتن لەسەر لەپێشبوونی داوەری تاکەکەسی، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئازادیخوازەکان بەو جۆرەی کە پرۆدۆن (Proudhon) لە نامەیەکدا بۆ مارکس "دژە دۆگماتیزم بوون بکەنە پیشەی خۆیان" لەبەر ئەوەیە کە تێڕوانینی ئازادیخوازەکان، جۆراوجۆرتر، خوڕتر و لە ڕووی تێگەیشتنەوە دژوارترە لە تێڕوانینی سۆشیالیستە دەسەڵاتخوازەکان (authoritarian socialists).

deyewêt bîselmênêt, ke debêt dewllet bo maweyekî ti radeyek drêj paş şorrşî prolîtêrî drêje bejyanî xoy bdat.

detwanîn le mawey sallanêkda şwên pêy tewawî em paşgezbûnewe û hellbezudabeze zîkzakyane hellgrîn. bemcore nabêt marksîzmî resen, wate nûsînekanî (markis û englis)îş wek komellêkî wek yek û teba leberçaw bgîrên. bellku pêwîste le botey taqîkarî rexneyî û wirdda dabinrêt û tenya ew xalaney lêwe werbgîrêt, ke peywendî nzîkyan letek komunîzmî azadîxwazane (Libertarian communism)da heye.[2]

## III.

henûke leberdem griftî sêyem westawîn: “enarkîzm”îş kemtir le marksîzm le çwarçêwey bawerrî leyekçû behremende. bewcorey ke le namîlkey “anarkîzm”da basm lêwekirduwe, retkirdnewey desellatdarî û pêdagirtin leser lepêşbûnî dawerî takekesî, buwete hoy ewey ke azadîxwazekan bew corey ke prodon (Proudhon) le nameyekda bo markis "dje dogmatîzm bûn bkene pîşey xoyan" leber eweye ke têrrwanînî azadîxwazekan, corawcortir, xurtir û le rûy têgeyiştnewe dijwartre le têrrwanînî soşyalîste desellatixwazekan (authoritarian socialistis).

ئاراستەی جیاواز لە ناو ئەنارکیزمدا هەیە: بێجگە لە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان (Libertarian Communists)، دەتوانرێت ئەنارکیستە تاکگەرا (Individual anarchists)، ئەنارکیستە کۆگەرا (Sozietaere anarchists)، (ئانارکۆ-سەندیکالیستەکان (Anarcho-Syndikalists) و ئەنارکۆ-فێمینیستەکان (Anarcho-feminists) و وەك ئەوەی دەزانن، زۆر ئەنارکیزمی تر هەن: لەوانە ئەنارکیستانی ناتوندووتیژ (Non-violent anarchists )، ئەنارکیستە ئاشتیخوازەکان (Anarcho-pacifists)، ئەنارکیستە گیاخۆرەکان (vegetarian anarchists) و هیتریش.

هەنووکە ئەم پرسیارە قوتدەبێتەوە : دەمانەوێت چ جۆرێك لە ئەنارکیزم لەتەك مارکسیزم بەراورد بکەین، تاوەکو بزانین کە لە چ بارێکەوە، ئەم دوو فێرگە ڕامیارییە لە ئەندێشەی شۆڕشگێڕیدا لەتەك یەکتردا یەکدەگرنەوە یا لە یەکتر دوور دەکەونەوە. بۆ من ڕوونە کە ئەنارکیزمی چێکەر (constructive anarchism)، کۆمەڵگەرا وئەنارکیزمی کۆگەرا یا ئەنارکیزمی کۆمونیستی لەتەك مارکسیزمدا کەمترین دوورییان لەنێواندایە و هەر لەبەر ئەمەشە کە من لە پەرتووکی «ئانارکیزم»دا تەنیا لە هەوڵی شیکردنەوەی ئەم جۆرە لە ئەنارکیزم بووم.

## .IV

گەر بەقوڵی سەرنج بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە مارکسیزم و ئەنارکیزم لە ڕابوردوودا کارایییان لەسەریەك داناوە. هەروەك مالاتێستا (Malatesta) ئەنارکیستی بەناوبانگی ئیتالیایی

arastey cyawaz le naw enarkîzimda heye: bêcge le komunîste azadîxwazekan(Libertarian Communistis), detwanrêt enarkîste takgera (Individual anarchistis), enarkîste kogera (Sozietaere anarchistis), (anarko-sendîkalîstekan Anarcho-Syindikalistis) û enarko-fêmînîstekan (Anarcho-feministis) û wek ewey dezanin, zor enarkîzmî tir hen: lewane enarkîstanî natundûtîj (Non-violent anarchistis ), enarkîste aştîxwazekan (Anarcho-pacifistis), enarkîste gyaxorekan (vegetarian anarchistis) û hîtrîş.

henûke em pirsyare qutdebêtewe : demanewêt çi corêk le enarkîzm letek marksîzm berawird bkeyn, taweku bzanîn ke le çi barêkewe, em dû fêrge ramyarîyye le endêşey şorrişgêrrîda letek yektirda yekdegirnewe ya le yektir dûr dekewnewe. bo min rûne ke enarkîzmî çêker (conistructive anarchism), komellgera wenarkîzmî kogera ya enarkîzmî komunîstî letek marksîzimda kemtrîn dûrîyan lenêwandaye û her leber emeşe ke min le pertûkî "anarkîzm"da tenya le hewllî şîkirdnewey em core le enarkîzm bûm.

## IV.

ger bequllî serinc bdeyn, boman derdekewêt ke marksîzm û enarkîzm le raburdûda karayyan leseryek danawe. herwek malatêsta (Malatesta) enarkîstî benawbangî îtalyayî

لە شـــوێنێکدا نووســـیویەتی: "نـــزیکەی تەواوی ئەدەبیـــاتی ئەنارکیستی سەدەی نۆزدە کارایی مارکسیزمی لەسەر بووە".

ئەوە دەزانـن، کە بـاکۆنین ڕێـزی لەبـەرامبـەر لێهـاتوویی زانسـتی مـــارکس هەبـــوو، بەڕادەیەك کە دەســـتبەوەرگێڕانی بەرگـــی یەکەمـی «سـەرمایە» بـۆ سـەر زمـانی ڕوسـی دەکـات. لـەپاڵ ویـدا ئەنارکیســـتی ئیتالیـــایی کـــارلۆ کـــافیرۆ (Carlo Cafiero)ش کـــورتەیەك لەم بەرهەمە بڵاودەکـــاتەوە. لەولاشـــەوە، یەکەم پەرتـــووکی پرۆدۆن «What is property? - موڵکـایەتی چییە؟ 1840» و بەتـــایبەت بەرهەمـــی بەناوبـــانگی «System of Economical Contradictions: or, the Philosophy of Misery سیستەمی نـاکۆکییە ئابوورییەکـان یافیلۆسـۆفی هەژاری» (1846) بەقووڵی مارکسی لاو دەخەنە ژێر کـارایییەوە. ئەگەر چـی کەمێـك دواتـر ئابووریناسـی بێئەمەك، بەنووسـینی «هەژاری فەلسـەفە» دەســـت دەداتە سەرزەنشـــکردنێکی ژاراوی لە دژی فێرکـــارەکەی خۆی.

ســـەرەڕای لێـدوانی زۆر، مـــارکس بەرادەیەکـی زۆر قەرزاربـــاری تێڕوانینەکـانی(باکۆنین)ە. لێرەدا بـۆ خـۆلادان لە دووبـارەکردنەوە تەنیا دوو نموونە دەهێنینەوە: ڕاگەیاندن لەمەڕ کۆمـونەی پـاریس کە لەلایەن مارکســـەوە نووســـراوە، بەتونـــدی لەژێـــر کـــارایی بۆچوونەکـانی (بـاکۆنین)دایـە. بەو جـۆرەی کە (ئارتـور لێنینـگ Arthur Lehning بڵاوگەرەوەی «ئەرشـیڤەکانی بـاکۆنین»یـش پەنجەی بـۆ ئەم خـاڵە ڕاکێشـاوە و بەو جـۆرەی کە پێشـتر وتمـان دەستپێشخەری باکۆنین بوو، کە مارکس ناچار بە ڕەتکردنەوەی

le şwênêkda nûsîwyetî: "nzîkey tewawî edebyatî enarkîstî sedey nozde karayî marksîzmî leser buwe".

ewe dezanin, ke bakonîn rêzî leberamber lêhatûîy zanistî markis hebû, berradeyek ke destbewergêrranî bergî yekemî"sermaye" bo ser zmanî rusî dekat. lepall wîda enarkîstî îtalyayî karlo kafîro (Carlo Cafiero)şi kurteyek lem berheme bllawdekatewe. lewlaşewe, yekem pertûkî prodon "?What is propertiy - mullkayetî çîye? 1840" û betaybet berhemî benawbangî "Syistem of Economical Contradictionis: or, the Philosophiy of Misery sîstemî nakokîye abûrîyekan yafîlosofî hejarî" (1846) beqûllî marksî law dexene jêr karayyewe. eger çî kemêk dwatir abûrînasî bêemek, benûsînî "hejarî felsefe" dest dedate serzenişkirdnêkî jarawî le djî fêrkarekey xoy.

sererray lêdwanî zor, markis beradeyekî zor qerzarbarî têrrwanînekanî (bakonîn)e. lêreda bo xoladan le dûbarekirdnewe tenya dû nmûne dehênînewe: rageyandin lemerr komuney parîs ke lelayen marksewe nûsrawe, betundî lejêr karayî boçûnekanî (bakonîn)daye. bew corey ke ( artur lênîng Arthur Lehning) bllawgerewey "erşîvekanî bakonîn"îş pencey bo em xalle rakêşawe û bew corey ke pêştir witman destpêşxerî bakonîn bû, ke markis naçar be retkirdnewey

دروشمی «دەوڵەتی خەڵکی» و هاوکارە سۆشیال-دێمۆکراتەکانی بوو.

## V.

مارکسیزم و ئەنارکیزم بەتەواوی لە کارایی بەرامبەریەك لە ڕەگورپیشەیەك بەهرەمەندن و ڕەگوریشەیان بۆ سەر خێزانیك دەگەرێتەوە. ئێمە وەك ماتریالیست، پێمان وانییە، کە بۆچوونەکان بۆ خۆیان لە مێشکی مرۆڤەوە پەیدا دەبن، بەڵکو لەسەر ئەو باوەڕەین کە تەنیا ڕەنگدانەوەی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی جەماوەرین لە ڕەوتی خەباتی چینایەتیدا پێیهەستاون. یەکەمین نووسەرانی سۆشیالیست، چ ئەنارکیست و چ مارکسیست بەتەواوی لەژێر کارایی شۆڕشی گەورەی فەرەنسە لە سالەکانی کۆتایی سەدەی 18و لەژێر کارایی تێکۆسانی کارگەرانی فەرەنسەدا بوون، کە لە ساڵی 1840 بەدواوە بۆ خۆڕێکخراوکردن و خەبات دژی بەهرەکێشی سەرمایەداری دەستیان پێکرد.

کەمن ئەوانەی کە بزانن، لە 1840دا پاریس مانگرتنێکی گشتی بە خۆوە بینیوە. سالانێك پاش ئەوە ڕۆژنامە کارگەرییەکانی وەك «**کارگە** - L'Atelier» سەریان هەڵدا. لەم سالەدا 1840 پەرەگرتنێکی بەرچاو ڕوودەدات، پرۆدۆن « تێبینی دژی موڵکایەتی» بڵاودەکاتەوە. چوارساڵ دواتر لە ساڵی 1844دا، مارکسی لاو لە «تێبینییەکانی»دا، ڕاپۆرتی سەردانییەکەی بۆ لای کارگەرانی پاریس دەخاتەڕوو و پەنجە بۆ کارایییەکی قوڵ، کە کارگەرانی دەستکار لەسەر ئەوییان داناوە، ڕادەکێشێت.

Druşmî "dewlletî xellkî" û hawkare soşyal-dêmokratekanî bû.

## V.

marksîzm û enarkîzm betewawî le karayî beramberyek le regurîşeyek behremendin û regurîşeyan bo ser xêzanîk degerrêtewe. ême wek matiryalîst, pêman wanîye, ke boçûnekan bo xoyan le mêşkî mrovewe peyda debin, bellku leser ew bawerreyn ke tenya rengdanewey destkewtekanî bzûtnewey cemawerîn le rewtî xebatî çînayetîda pêyhestawn. yekemîn nûseranî soşyalîst, çi enarkîst û çi marksîst betewawî lejêr karayî şorrşî gewrey ferense le salekanî kotayî sedey 18û lejêr karayî têkosanî kargeranî ferenseda bûn, ke le sallî 1840 bedwawe bo xorrêkixrawkirdin û xebat djî behrekêşî sermayedarî destyan pêkird.

kemin ewaney ke bzanin, le 1840da parîs mangirtnêkî giştî be xowe bînîwe. salanêk paş ewe rojname kargerîyekanî wek "karge - llAtelier" seryan hellda. lem saleda 1840 peregirtnêkî berçaw rûdedat, prodon " têbînî djî mullkayetî" bllawdekatewe. çwarsall dwatir le sallî 1844da, marksî law le "têbînîyekanî"da, raportî serdanîyekey bo lay kargeranî parîs dexaterrû û pence bo karayyekî qull, ke kargeranî destkar leser ewîyan danawe, radekêşê.

سالێك بەر لەوە لە 1843دا ژنێکی دەرکەوتە بەنێوی (فلۆرا تریستان Flora Tristan) کارگەرانی بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی کارگەری بانگەواز کرد و بۆ پەیوەندیگرتن لەتەکیان، بەرەو شارەکانی فەرەنسە کەوتەڕێ.

بەمجۆرە مارکسیزم و ئەنارکیزم لە هەمان سەرەتاوە لە یەك سەرچاوەوە هەڵقوڵاوون و لەژێر کارایی چینی تازەی کارگەردا، لە دووی ئامانجی یەکسانی، کە هەڵگێڕانەوەی دەوڵەتی سەرمایەداری و گێڕانەوەی سامانی کۆمەڵایەتی و گرتنەدەستی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن خودی کارگەرانەوەن. هەر ئەم شتە بوو، کە بووە بناخەی پێکهاتنێکی کۆیی لەنێوان مارکسیست و باکۆنیستەکان لە کۆنگرەی 1869ی نێونەتەوەیی یەکەم، کە کەمێك پێش شەڕی 1870ی نێوان ئاڵمان و فەرەنسە، ڕوویدا. ئەم خاڵەش لەبیر نەکەین، کە ئەم پێکهاتنە لە دژی دوایین شاگردەکانی پرۆدۆن (1865دا مرد) بوو، کە بە ئاراستەی پێچەوانە گەرابوونەوە دواوە. یەکێك لەم شاگردانە (تۆلاین Tolain) بوو، کە لە تێڕوانینی موڵکایەتی تایبەتی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نزیك بووبووەوە.

## VI.

تاکو ئێرە نیشانماندا، کە یەکەمین قسەکەرانی بزووتنەوەی کارگەری فەرەنسە لە پێوەرێکی فراواندا، لە شۆڕشی گەورەی فەرەنسەوە سروشیان وەرگتبوو. کەمێك ئەم خاڵە والاتر دەکەین.

sallêk ber lewe le 1843da jnêkî derkewte benêwî (flora trîstan Flora Tristan) kargeranî bo pêkhênanî yekêtîyekî kargerî bangewaz kird û bo peywendîgirtin letekyan, berew şarekanî ferense kewterrê.

bemcore marksîzm û enarkîzm le heman seretawe le yek serçawewe hellqullawun û lejêr karayî çînî tazey kargerda, le dûy amancî yeksanî, ke hellgêrranewey dewlletî sermayedarî û gêrranewey samanî komellayetî û girtnedestî amrazekanî berhemhênan lelayen xudî kargeranewen. her em şte bû, ke buwe bnaxey pêkhatnêkî koyî lenêwan marksîst û bakonîstekan le kongrey 1869î nêwneteweyî yekem, ke kemêk pêş şerrî1870î nêwan allman û ferense, rûyda. em xalleş lebîr nekeyn, ke em pêkhatne le djî dwayîn şagirdekanî prodon (1865da mird) bû, ke be arastey pêçewane gerabûnewe dwawe. yekêk lem şagirdane ( tolayn Tolain ) bû, ke le têrrwanînî mullkayetî taybetî û amrazekanî berhemhênan nzîk bûbuwewe.

## VI.

taku êre nîşanmanda, ke yekemîn qsekeranî bzûtnewey kargerî ferense le pêwerêkî frawanda, le şorrşî gewrey ferensewe sruşyan wergitbû. kemêk em xalle wallatir dekeyn.

لەڕاستیدا لە هەناوی شۆڕشی فەرەنسەدا، دوو شێوازی جیاواز لە شۆڕش سەریانهەڵدا، یا باشترە بڵێین دوو هێزی جیاواز و دژ بەیەك. یەكێكیان لە باڵی چەپی بۆرژوازی پێكدەهات، ئەویتر لە پێشینانی پرۆلیتاریا: پیشەوەرانی گچكە و موچەخۆران، پێكدەهات. یەكەم دەسەڵاتخواز و دیكتاتۆری، ناوەندگەرا و سەركوتگەر دژ بەبەرامەبەرەكی. دەستەی دووەم دیموكراتیك، فیدرالیست و پێكهاتوو لە كۆڕوكۆمەڵێك، كە ئەورۆكە بە ئەنجومەن (سۆڤییێت)ی كارگەری نێویان دەبەن. ئەمانە لە 48 بەشی شاری "پاریس"دا هەبوون، كە لە "كۆمونەی پاریس"دا كۆبووبوونەوە و كۆڕوكۆمەڵی شارۆچكەكان دەخرانە سەریان.

بەبێ سڵەمینەوە دەتوانرێت بوترێت، كە ئەم هێزە دووەمە مایەیەكی ئازادیخوازانەی هەبوو و بە پێشڕەوی كۆمونەی پاریس لە 1871 و سۆڤیەتەكانی ڕوسیە لە 1917دا دەژمێردرێت، بە پێچەوانەوە هێزی یەكەم، لە سەدەی 19دا خۆی لە ئاراستەی ژاكۆبینیدا دیتەوە. لە ڕاستیدا واژەی «ژاكۆبینی» ناوێكی ناتەواو و دروستكراوە. لە ناوی یانەیەكی خەڵكی پاریس «كۆمەڵگەی ژاكۆبینەكان»ەوە وەرگیرابوو، كە خودی نێوی ئەم یانەیە لە نێوی پەرەستگەیەكی مەزهەبییەوە وەرگیرابوو، كە یانەكە لەنێو باڵاخانەكەیدا بوو. هێڵی جیاكەرەوەی خەباتی چینایەتی نێوان بۆرژوا شۆڕشگێڕەكان لەلایەك و بێبەشەشان لە لایەكیترەوە بەنێو كۆمەڵگەی ژاكۆبینەكاندا تێدەپەڕی. بەشێوەیەكی وردتر ئەوەی كە لە دانیشتنەكانی ئەم كۆمەڵگەیەدا، لایەنگری ئەندامانی لەم یا لەو ئاراستە لە شۆڕش، دەگەڕایەوە سەر بەرخوردی نێوان ئەوان. لە ئەدەبیاتی ڕامیاریی ساڵانی دواتردا،

lerrastîda le henawî şorrşî ferenseda, dû şêwazî cyawaz le şorrş seryanhellda, ya baştre bllêyn dû hêzî cyawaz û dij beyek. yekêkyan le ballî çepî borijwazî pêkdehat, ewîtir le pêşînanî prolîtarya: pîşeweranî giçke û muçexoran, pêkdehat. yekem desellatixwaz û dîktatorî, nawendgera û serkutger dij beberameberekî. destey duwem dîmukratîk, fîdralîst û pêkhatû le korrukomellêk, ke ewroke be encumen (sovyêt)î kargerî nêwyan deben. emane le 48 beşî şarî “parîs”da hebûn, ke le “komuney parîs”da kobûbûnewe û korrukomellî şaroçkekan dexrane seryan.

bebê sllemînewe detwanrêt butrêt, ke em hêze duweme mayeyekî azadîxwazaney hebû û be pêşrrewî komuney parîs le 1871 û sovyetekanî rusye le 1917da dejmêrdrêt, be pêçewanewe hêzî yekem, le sedey 19da xoy le arastey jakobînîda dîtewe. le rastîda wajey "jakobînî" nawêkî natewaw û drustikrawe. le nawî yaneyekî xellkî parîs "komellgey jakobînekan"ewe wergîrabû, ke xudî nêwî em yaneye le nêwî perestgeyekî mezhebîyewe wergîrabû, ke yaneke lenêw ballaxanekeyda bû. hêllî cyakerewey xebatî çînayetî nêwan borijwa şorrişgêrrekan lelayek û bêbeşeşan le layekîtrewe benêw komellgey jakobînekanda têdeperrî. beşêweyekî wirdtir ewey ke le danîştnekanî em komellgeyeda, layengrî endamanî lem ya lew araste le şorrş, degerrayewe ser berxurdî nêwan ewan. le edebyatî ramyarîy sallanî dwatirda,

وشـــەی ژاکۆبینەکـــان چ لەلایەن ئەنارکیســـتەکانەوە چ لەلایەن مارکسیســـتەکانەوە، بـــۆ چوانـــدن بە ســـونەتی شۆڕشـــگێڕانەی بـــۆرژوازی کە ولات و شۆڕشـــی لە ســـەرەوە و بە ئامرازەکـــانی دەســـەڵاتخوازانە پشـــتیوانی دەکـــرد، بەزۆری بەکـــار دەبرێـــت. بـــۆ نمـــوونە شـــارل دێلێسـکلوز (Charles Delescluze)، ڕابەری بـاڵی ڕاســـتی زۆرینەی ئەنجـــومەنی کۆمـــونەی پـــاریس، خـــۆی بە ژاکۆبینیست و سەر بە روبسپیر دەناساند.

پرۆدۆن و بـــاکۆنین لە نووســـینەکانیاندا، لە دژی سیاســـەتی شۆڕشـــگێڕە بۆرژوازییەکـــان وەك «بیرکـــردنەوەی ژاکۆبینـی» دەجەنگـــان. لەبەرامبەردا مـــارکس و ئەنگلـــس، بە دژوارییەوە توانییان خۆیان لەم ئەفسانە ژاکۆبینیە، کە لەلایەن پاڵەوانـانی شۆڕشی بۆرژوازی شکۆیان پێدەبەخشرا، ڕاپسێنن. لەوانە دانتـۆن (Danton) – (لە ڕاســـتیدا سیاســـەتمەداری گەنـــدەڵ و دژەخـــونی دووســـەرە) و ئەویتریـــان ڕوبســـپیر (Robespierre) بـــوو – کە ســـەرەنجام بـوو بە دیکتـاتۆر. بەڵام ئازدیخوازەکـان سەرسـەختی ڕوانگەی ئەنارکیســـتیان لەوە دەیگێـــڕانەوە، کە ژاکۆبینگەرایی فریویـان بـدات. بەباشـی لەوە گەیشتبوون، کە شۆڕشـی فەرەنسە نەك تەنیا شەڕێکی نێوخۆییە لەنێوان پاشایەتی بێچەنـدوچوون و شۆڕشـــگێڕانی بـــۆرژوا، بەڵکـــو یەکســـەرە شـــەڕێکە لەنێـــوان ژاکۆبینگەرایی و شتێك کە من بۆ ئاسانی وتن بە کۆمونەگەرایی (Communallism) نێوی دەبەم. سـەرەنجامیش شـەڕی کۆتـاییە کە بە شکســتی کۆمــونەی پــاریس و ملپەرانــدنی هەردوو دادوەرانـــی شـــار، شـــۆمیت (Chaumette) و هێـــبێرت (Hèbert) لەســـاڵی 1794 تەواو دەبێت. واتای ئەم شکستە لەنێوچوونی دەسەلاتی

wşey jakobînekan çi lelayen enarkîstekanewe çi lelayen marksîstekanewe, bo çwandin be sunetî şorrişgêrraney borijwazî ke wlat û şorrşî le serewe û be amrazekanî desellatixwazane piştîwanî dekird, bezorî bekar debrêt. bo nmûne şarl dêlêskluz (Charles Delescluze), raberî ballî rastî zorîney encumenî komuney parîs, xoy be jakobînîst û ser be rubispîr denasand.

prodon û bakonîn le nûsînekanyanda, le djî syasetî şorrişgêrre borijwazîyekan wek "bîrkirdnewey jakobînî" decengan. leberamberda markis û englis, be dijwarîyewe twanîyan xoyan lem efsane jakobînye, ke lelayen pallewananî şorrşî borijwazî şkoyan pêdebexişra, rapsênin. lewane danton (Danton) – (le rastîda syasetmedarî gendell û djexunî dûsere) û ewîtiryan rubispîr (Robespierre) bû – ke serencam bû be dîktator. bellam azdîxwazekan sersextî rwangey enarkîstyan lewe deygêrranewe, ke jakobîngerayî frîwyan bdat. bebaşî lewe geyiştbûn, ke şorrşî ferense nek tenya şerrêkî nêwxoyye lenêwan paşayetî bêçenduçûn û şorrişgêrranî borijwa, bellku yeksere şerrêke lenêwan jakobîngerayî û ştêk ke min bo asanî wtin be komunegerayî (Communallism) nêwî debem. serencamîş şerrî kotayye ke be şkistî komuney parîs û milperandnî herdû dadweranî şar, şomît (Chaumette) û hêbêrt (Hèbert) lesallî 1794 tewaw debêt. watay em şkiste lenêwçûnî deselatî

ژێردەستان بوو. بەوجۆرەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیە بەرەو سڕینەوەی ئاسەواری سۆڤیەتەکانی کارخانە برا.

مارکس و ئەنگلس، هەمیشە لە ئەمبەر و ئەوبەری نێوان ژاکۆبینگەرایی و کۆمونەگەراییدا بوون. ئەوان سەرەتا ستاییشی «ناوەندگەرایی توندوتیژ، کە ئۆلگوی خۆی لە فەرەنسەی 1793 وەرگرتووە» دەکەن. چەند ساڵ دواتر لە 1885دا، ئەنگلس بۆی دەردەکەوێت، کە لەوێدا هەڵەی کردووە و ناوەندگەرایی تەنیا ڕێگەی بۆ دیکتاتۆری ناپلیۆن (Napoleon)ی یەکەم خۆشکردووە. هەندێکجار کارل مارکس ئێنراژەکان (Enragès) واتە لایەنگرانی کەشیشی پێشین، ژاك ڕو (Jaques Roux) -کە قسەکەری نشینگەیەکی کارگەری کەناری پاریس بوو- بە «نوێنەری سەرەکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە» نێو هێناوە. هاوکات جارێکیتر ئەنگلس پێیوابوو، کە لە 1793دا "لانی زۆر دەیتوانی بە کۆمەکێك لە سەرەوەڕا" بۆ پڕۆلیتاریا بژمێردرێت. دواتر لێنین لە ژاکۆبینگەراییدا هەنگاوێکی فرە واوەتری لە مامۆستایانی مارکس و ئەنگلس نا. بە تێڕوانینی وی ژاکۆبینگەرایی «یەکێکە لەو خالە لوتکەییانە، کە چینی ژێردەست لە خەباتیدا بۆ ئازادی خۆی دەستی پێیانڕادەگات». وی پێیخۆش بوو، خۆی بە ژاکۆبینێك ناو بێنێت، هەڵبەتە هەندێکجاریش ئەم نازناوەی بەشێوەی «ژاکۆبینێکی سەر بە چینی کارگەر» تەواو دەکرد. ئەنجامگیری ئێمە ئەوەیە کە : تەنیا خۆداماڵینی مارکسیستەکان لە هەر جۆرە میراتێکی ژاکۆبینی، دەتوانێت پێکهاتنی ئازادیخوازان لەتەك ئەوان لەبار بکات.

jêrdestan bû. bewcorey ke şorrşî oktoberî rusye berew srrînewey asewarî sovyetekanî karxane bra.

markis û englis, hemîşe le ember û ewberî nêwan jakobîngerayî û komunegerayîda bûn. ewan sereta stayîşî "nawendgerayî tundutîj, ke olguy xoy le ferensey 1793 wergirtuwe" deken. çend sall dwatir le 1885da, englis boy derdekewêt, ke lewêda helley kirduwe û nawendgerayî tenya rêgey bo dîktatorî napilyon (Napoleon)î yekem xoşkirduwe. hendêkcar karl markis ênrajekan (Enragès) wate layengranî keşîşî pêşîn, jak ru (Jaques Roux) -ke qsekerî nşîngeyekî kargerî kenarî parîs bû- be "nwênerî serekî bzûtnewey şorrişgêrrane" nêw hênawe. hawkat carêkîtir englis pêywabû, ke le 1793da "lanî zor deytwanî be komekêk le serewerra" bo prrolîtarya bijmêrdrêt. dwatir lênîn le jakobîngerayîda hengawêkî fre wawetrî le mamostayanî markis û englis na. be têrrwanînî wî jakobîngerayî "yekêke lew xale lutkeyyane, ke çînî jêrdest le xebatîda bo azadî xoy destî pêyanrradegat". wî pêyxoş bû, xoy be jakobînêk naw bênêt, hellbete hendêkcarîş em naznawey beşêwey "jakobînêkî ser be çînî karger" tewaw dekird. encamgîrî ême eweye ke : tenya xodamallînî marksîstekan le her core mîratêkî jakobînî, detwanêt pêkhatnî azadîxwazan letek ewan lebar bkat.

با بەکورتی بچینەسەر خاڵە سەرەکییەکانی ناکۆکی نێوان مارکسیزم و ئەنارکیزم. سەرەتا ئەوەی کە سەرەڕای باوەڕی مارکسیستەکان بە پێداویستی لەنێوچوونی دواجاری دەوڵەت، بە باوەڕی ئەوان پاش شۆڕشی سەرکەوتووانەی کارگەری، دەوڵەتێکی نوێ کە بە «دەوڵەتی کارگەری» نێو دەبرێت بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو پێکدێت. پاش وەها سەردەمێکە کە مارکسیستەکان، بەڵێنی لەنێوچوونی بەرەبەرەی ئەم دەوڵەتە کە هەندێك جاریش بە «نیوەدوڵەت» نێوی دەبەن، دەدەن. کۆمونیستە ئازادیخوازەکان بەپێچەوانەوە، پێیانوایە کە وەها دەوڵەتێکی نوێ لەبەر خاوەنداریێتی دەوڵەتی بەسەر تەواوی ئابووری و بیروکراتیزەبوونی ڕۆژانەی، تەنانەت لە دەوڵەتی بۆرژوازیش بە توانانر و سەرکوتگەرتر دەبێ و لەبەرامبەر هەڵوەشانەوەیدا، بەرهەڵستی دەکات. لەوە گەڕێن کە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان، بەگومانەوە لەو ئەرکانەی کە مارکسیستەکان بۆ کەمایەتی کۆمونیست لەبەرامبەر دانیشتواندا پێیان دەبەخشن، دەڕوانن. گەڕانەوە بۆ نووسینە پیرۆزەکانی (مارکس و ئەنگلس)یش، تەنیا هۆیەکە بۆ وەها گومانێك. هەڵبەتە لە مانیفێستی کۆمونیستدا دەتوانرێت بخوێنرێتەوە کە، "کۆمونیستەکان بەرژەوەندییەکی جیاواز لە بەرژەوەندی تەواوی پرۆلیتاریایان نییە" و یا ئەوەی "ئەوان هەردەم نوێنەری بەرژەوەندی تەواوی بزووتنەوەکەن" یا «تێڕوانینی تیۆری ئەوان هەرگیز نە لەسەر بنەمای بۆچوون و بنچینەی داهێنراو یا دۆزراوەی ئەم یا ئەو چاکەکاری دونیا نییە، بەڵکو تەنیا دەربڕی گشتی هەلومەرج و کەتواری خەباتی چینایەتی و بزووتنەوەی مێژووییین، کە بە بەرچاوی ئێمەوە لە بزووتندان».

ba bekurtî bçîneser xalle serekîyekanî nakokî nêwan marksîzm û enarkîzm. sereta ewey ke sererray bawerrî marksîstekan be pêdawîstî lenêwçûnî dwacarî dewllet, be bawerrî ewan paş şorrşî serkewtuwaney kargerî, dewlletêkî nwê ke be "dewlletî kargerî" nêw debrêt bo maweyekî dyarînekraw pêkdêt. paş weha serdemêke ke marksîstekan, bellînî lenêwçûnî bereberey em dewllete ke hendêk carîş be "nîwedullet" nêwî deben, deden. komunîste azadîxwazekan bepêçewanewe, pêyanwaye ke weha dewlletêkî nwê leber xawendarêtî dewlletî beser tewawî abûrî û bîrukratîzebûnî rojaney, tenanet le dewlletî borijwazîş be twanatir û serkutgertir debê û leberamber hellweşaneweyda, berhellistî dekat. lewe gerrên ke komunîste azadîxwazekan, begumanewe lew erkaney ke marksîstekan bo kemayetî komunîst leberamber danîştwanda pêyan debexşin, derrwanin. gerranewe bo nûsîne pîrozekanî (markis û englis)îş, tenya hoyeke bo weha gumanêk. hellbete le manîfêstî komunîstda detwanrêt bixwênrêtewe ke, "komunîstekan berjewendîyekî cyawaz le berjewendî tewawî prrolîtaryayan nîye" û ya ewey "ewan herdem nwênerî berjewendî tewawî bzûtneweken" ya "têrrwanînî tyorî ewan hergîz ne leser bnemay boçûn û binçîney dahênraw ya dozrawey em ya ew çakekarî dunya nîye, bellku tenya derbrrî giştî helumerc û ketwarî xebatî çînayetî û bzûtnewey mêjûîyn, ke be berçawî êmewe le bzûtindan".

تا ئێرۆکانە بێگومان ئێمە ئازادیخوازان لەتەك ئەوان هاوڕاین!

بەڵام ڕستەی ناڕۆشن و تەکاندەرانە بۆ ئێمە ئەوەیە: "لە تیۆریدا کۆمونیستەکان جیا لە بەشەکانی تری پرۆلیتاریا لەو بەرتەرییە بەهرەمەندن، کە بە ڕۆشنی توانای دەرككردنی هەلومەرج، بزووتن و ئامانجی کۆتایی و گشتی بزووتنەوەی پڕۆلیتاریایان هەیە".

ئەم دانپیانانە دەتوانێت بەبێ پێچوپەنا بەو واتایە بێت، کە کۆمونیستەکان لەبەر ئەم «بەرتەرییە» مافی مێژووی بەدەستەوەگرتنی ڕابەری پرۆلیتاریایان هەیە؟ ئەگەر ئەم واتایەش مەبەست بێت، چیتر کۆمونیستە ئازادیخوازەکان لەتەکیدا هاوڕا نین، لەبەر ئەوەی کە ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین: هیچ دەستپێشخەرییەك لە دەرەوەی خودی پرۆلیتاریا ناتوانرێت بوونی هەبێت. ئێمە پێیانوایە کە کەسانی ناپرۆلیتێر تەنیا دەتوانن لە پاڵ یا لەنێوان خودی پرۆلیتاریادا ڕۆڵی ڕاوێژکارانی بێلایەنیان هەبێت، ئامانجیان هاوکاری کارگەران بێت لە تێکۆشاندا بۆ بەدەستهێنانی پلەیەکی باڵاتر لە هوشیاری.

ئەمە بەرەو پرسی خۆبەخۆیی شۆڕسی جەماوەری، بەرەو دەربڕینێکی ئەنارکیستانەمان دەبات. وشەی «خۆبەخۆ - spontaneous» و «خۆبەخۆیی- Spontaneity» چەندینجار لە نووسینەکانی (پرۆدۆن و باکۆنین)دا بەرچاو دەکەون. بەڵام ئەوەی سەیر دیتەبەرچاو، ئەوەیە لە کاتێکدا کە لە نووسینەکانی مارکس و ئەنگلس،

ta êrokane bêguman ême azadîxwazan letek ewan hawrayn!

bellam ristey narroşn û tekanderane bo ême eweye: "le tyorîda komunîstekan cya le beşekanî trî prolîtarya lew berterîye behremendin, ke be roşnî twanay derkkirdnî helumerc, bzûtin û amancî kotayî û giştî bzûtnewey prrolîtaryayan heye".

em danpyanane detwanêt bebê pêçupena bew wataye bêt, ke komunîstekan leber em "berterîye" mafî mêjûy bedestewegirtnî raberî prolîtaryayan heye? eger em watayeş mebest bêt, çîtir komunîste azadîxwazekan letekîda hawra nîn, leber ewey ke ême leser ew bawerreyn: hîç destpêşxerîyek le derewey xudî prolîtarya natwanrêt bûnî hebêt. ême pêyanwaye ke kesanî naprolîtêr tenya detwanin le pall ya lenêwan xudî prolîtaryada rollî rawêjkaranî bêlayenyan hebêt, amancyan hawkarî kargeran bêt le têkoşanda bo bedesthênanî pleyekî ballatir le huşyarî.
eme berew pirsî xobexoyî şorrsî cemawerî, berew derbrrînêkî enarkîstaneman debat. wşey "xobexo - spontaneous" û "xobexoyî- Spontaneitiy" çendîncar le nûsînekanî (prodon û bakonîn)da berçaw dekewn. bellam ewey seyr dîteberçaw, eweye le katêkda ke le nûsînekanî markis û englis,

لانیکەم لە بڵاوکـراوەی ڕەسـەنیاندا بە زمـانی ئەلمـانی وەهـا واژەگەلێـك بەرچـاو نـاکەون. لە وەرگێرانـی بەرهەمەکانیانـدا هەندێکجار لەتەك وەها واژەگەلێك دەردەکەون. هەڵبەتە دواجـار تەنیـا بەرهەمـی بەراوردێکـی نـاڕێکە. لە ڕاسـتیدا مـارکس و ئەنگلـس بـاس لە چـالاکی خـۆکردی جەمـاوەر دەکەن، کە تێگەیشـتنێکی بەرتەسـکترە لە خۆبەخـۆیی. چـونکە پـارتێکی شۆڕشـگێڕ، دەتـوانێت ڕێگە بە برێـك لە «چـالاکی خـۆکرد»ی جەماوەری لە پاڵ چالاکییە بەرتەریخوازانەی خۆی بدات. بەڵام خۆبەخۆیی جەماوەری، مەترسی ئەوەی هەیە، کە پاگەندەی ڕۆڵـی ڕابەری ئەو پارتـانە بخـاتە ژێـر پرسـیارەوە. ڕوزا لوکسـێمبورگ یەکەمین مارکسیست بوو، کە لە نووسینەکانیدا بە زمانی ئاڵمانی وشـەی خۆبەخـۆ (لەخۆوەرا) «Spontan»ی بەکارهێنـاوە، کە لـە ئەنارکیسـتەکانی وەرگرتـووە. وی پشـتی بە ڕۆڵـی سـەرەکی و خۆبەخـۆیی لە بـزووتنەوەی جەماوەریـدا دەبەسـت. دەبێـت لەوە بگەیـــن، کە مارکسیســـتەکانیش لەبەرامبەر بـــزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان هەڵوێسـتی دیاریکراویـان هەیە، لەبەر ئەوەی کە شوێندەسـت بـۆ خۆتێهەڵقورتانـدنی ڕابەرانـی پاگەنـدەیی ناهێڵنەوە.

کەواتە کۆمونیســـتە ئازادیخوازەکـــان لەو خـــاڵەدا، کە مارکسیستەکان هەنـدێکجار لە سوودوەرگرتن لە فێڵ و فریوکـاری دیموکراسـی بـۆرژوازی خۆیـان نەدەبـوێرا، فـرە دڵخـۆش نیـن، مارکسیسـتەکان نەك بە تەنیـا بە خۆشـحاڵییەوە کارتەکـانی دەنگـدانیان بەکاردەهێنـا و بە یەکێـك لە باشـترین ئامرازەکـانی بەدەستهێنانی دەسەلاتیان دادەنا، بەڵکو تەنانەت هەندێکجاریش

lanîkem le bllawkrawey resenyanda be zmanî elmanî weha wajegelêk berçaw nakewn. le wergêranî berhemekanyanda hendêkcar letek weha wajegelêk derdekewn. hellbete dwacar tenya berhemî berawirdêkî narrêke. le rastîda markis û englis bas le çalakî xokirdî cemawer deken, ke têgeyiştnêkî berteskitre le xobexoyî. çunke partêkî şorrişgêrr, detwanêt rêge be brrêk le "çalakî xokird"î cemawerî le pall çalakîyye berterîxwazaney xoy bdat. bellam xobexoyî cemawerî, metirsî ewey heye, ke pagendey rollî raberî ew partane bxate jêr pirsyarewe. ruza luksêmburg yekemîn marksîst bû, ke le nûsînekanîda be zmanî allmanî wşey xobexo (lexowera) "Spontan"î bekarhênawe, ke le enarkîstekanî wergirtuwe. wî piştî be rollî serekî û xobexoyî le bzûtnewey cemawerîda debest. debêt lewe bgeyn, ke marksîstekanîş leberamber bzûtnewe komellayetîyekan hellwêstî dyarîkrawyan heye, leber ewey ke şwêndest bo xotêhellqurtandnî raberanî pagendeyî nahêllnewe.

kewate komunîste azadîxwazekan lew xalleda, ke marksîstekan hendêkcar le sûdwergirtin le fêll û frîwkarî dîmukrasî borijwazî xoyan nedebwêra, fre dillxoş nîn, marksîstekan nek be tenya be xoşhallîyewe kartekanî dengdanyan bekardehêna û be yekêk le baştrîn amrazekanî bedesthênanî deselatyan dadena, bellku tenanet hendêk carîş

بە خۆشحاڵییەوە دەستیان دەدایە پێکهێنانی بەرەی هەڵبرادن لەتەك پارتە لیبراڵ یا ڕادیکاڵە بۆرژوازییەکان و لەم ساتەدا باوەڕی ئەوان ئەوەیە، کە بەبێ وەها هاوپەیمانی و یەکێتییەك دەستڕاگەیشتن بە کورسییەکانی پارلەمان لە توانادا نییە. لەبیرمان نەچێت کە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان بەپێچەوانەی ئەوەی کە بەزۆری وێنا دەکرێت، سڵ لە سندوقەکانی دەنگدان ناکەنەوە. پرۆدۆن جارێك لە 1848دا بە نوێنەری ئەنجومەنی میللی هەڵدەبژێردرێت. جارێکیتر پشتیوانی لە هەڵبژاردنی ڕاسپایل (Raspail) دەکات. لەتەك ئەوەشدا دواتر لەوێوە کە وی هەرجۆرە ملکەچییەك بۆ ڕژێمی پاشایەتی سەرکۆنە دەکات، کارگەران بۆ خۆهەڵبژاردن بانگەواز دەکات. بۆ وی تەنیا پرسی ڕێوشوێن و هەلومەرج لەبەرچاو بوو. لە هەلومەرجێکی تردا ئەنارکیستەکانی ئەسپانیا لە هەڵوێست وەرگرتنی ئاشکرا لەدژی بەشداری لە هەڵبژاردنی بەرەی خەڵکی لە فێبریوەری 1936دا خۆیان خۆیان بوارد. بەڵام لەپاڵ ئەم شتە کەم و ناوێزانەدا، ئەنارکیستەکان ڕێگەی فرە جیاواز بۆ سەرکەوتن بەسەر سەرمایەداری دوژمندا بەدروست دەزانن: لەوانە خەباتی ڕاستەوخۆ (Direct action)، خەباتی سەندیکایی (unions action)، خۆموختاری کارگەری (Worker-autonomy) و مانگرتنی گشتی ( General-strike).

هەنووکە پرسیارێکی تری بنەڕەتی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە: دەوڵەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان یا خۆبەڕێوەبەری ( self-management)؟ لێرەشدا مارکس و ئەنگلس بادەدەنەوە. لە مانیفێستی کۆمونیستدا کە بە سروشوەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە

be xoşhallîyewe destyan dedaye pêkhênanî berey hellbradin letek parte lîbrall ya radîkalle borijwazîyekan û lem sateda bawerrî ewan eweye, ke bebê weha hawpeymanî û yekêtîyek destrrageyiştin be kursîyekanî parleman le twanada nîye. lebîrman neçêt ke komunîste azadîxwazekan bepêçewaney ewey ke bezorî wêna dekrêt, sill le sinduqekanî dengdan nakenewe. prodon carêk le 1848da be nwênerî encumenî mîllî helldebjêrdrêt. carêkîtir piştîwanî le hellbjardnî raspayl (Raspail) dekat. letek eweşda dwatir lewêwe ke wî hercore milkeçîyek bo rjêmî paşayetî serkone dekat, kargeran bo xohellbjardin bangewaz dekat. bo wî tenya pirsî rêwişwên û helumerc leberçaw bû. le helumercêkî tirda enarkîstekanî espanya le hellwêst wergirtnî aşkra ledjî beşdarî le hellbjardnî berey xellkî le fêbrîwerî 1936da xoyan xoyan bward. bellam lepall em şte kem û nawêzaneda, enarkîstekan rêgey fre cyawaz bo serkewtin beser sermayedarî dujminda bedrust dezanin: lewane xebatî rastewxo (Direct action), xebatî sendîkayî (unionis action), xomuxtarî kargerî (Worker-autonomiy) û mangirtnî giştî (General-sitrike).

henûke pirsyarêkî trî bnerretî rûberrûman debêtewe: dewlletîkirdnî amrazekanî berhemhênan ya xoberrêweberî (self-management)? lêreşda markis û englis badedenewe. le manîfêstî komunîstda ke be sruşwergirtnî rastewxo le

سۆشیالیستی دەوڵەتگەرا، لویس بلانك (Louis Blanc)ی فەرەنسی، نووسراوە. ئەوان لەو باوەڕەدان کە «دەبێت گشت ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەدەستی دەوڵەتدا ناوەندی بکرێنەوە» بەڵام لە وشەی دەوڵەت، ئەوان بە «پرۆلیتاریای ڕێکخراو وەك چینی فەرمانڕەوا» تێدەگەن. باشە بۆچی وەها ڕێکخراوێکی پرۆلیتێری نێو دەنێنن «دەوڵەت»؟ لەمە بگوزەرێین: بۆچ چەند ساڵ دواتر ئەوان پەشیمان دەبنەوە و لە جونی 1872 لە پێشەکی چاپی سەرلەنوێی مانیفێستدا لە دەوڵەتگەرایی کورتبینانەی خۆیان سەرلەنوێ تێڕوانینەوە دەکەن و پەنجە بۆ ڕاگەیاندنی 1871 لەمەڕ کۆمونەی پاریس ڕادەکێشن، کە پێویستە بەرهەمهێنان بەهۆی «هاریکاریی بەرهەمهێنەران - associated to producers»ەوە بەڕێوە ببرێت؟

بێگومان ئەوان لە کۆنگرەی ئینتەرناسیونالی یەکەمی پێش شەڕی 1970دا، هەستیان بە پێداویستی پێکهاتن لەتەك باکۆنیستەکان کردبوو. بەڵام ئەوەش بڵێین، کە مارکس هیچکات لە وردەکاریدا ڕێگەگەلێك، کە دەتوانن خۆبەڕێوەبەری بەرێ بخەن، نەچووە بەلایاندا، لە کاتێکدا، کە پرۆدۆن (Proudhon) لە بەرهەمەکانیدا لاپەڕەی فرەی بۆ ئەم پرسە تەرخانکردبوو. پرۆدۆن کە ژیانی وەك کارگەرێك دەست پێکردبوو، دەیزانی کە باس لە چی دەکات. وی بەوردبینیەوە دابووە «کۆمەڵە کارگەرییەکان Worker-associations»، کە لە شۆڕشی 1848دا سەریانهەڵدابوو. بەڵام هۆی ئەو هەڵوێستەی مارکس، لەوانەیە لەبەر بە«خەیاڵی - utopian» دانانی پرسی خۆبەڕێوەبەری لە لای وی بێت. ئەوڕۆکە ئێمە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان، بەشێکین لەوانە کە لانیکەم لە

soşyalîstî dewlletgera, luys blank (Louis Blanc)î ferensî, nûsrawe. ewan lew bawerredan ke "debêt gişt amrazekanî berhemhênan ledestî dewlletda nawendî bikrênewe" bellam le wşey dewllet, ewan be "prolîtaryay rêkixraw wek çînî fermanrrewa" têdegen. başe boçî weha rêkixrawêkî prolîtêrî nêw denênin "dewllet"? leme bguzerêyn: boç çend sall dwatir ewan peşîman debnewe û le cunî 1872 le pêşekî çapî serlenwêy manîfêstda le dewlletgerayî kurtbînaney xoyan serlenwê têrrwanînewe deken û pence bo rageyandnî 1871 lemerr komuney parîs radekêşn, ke pêwîste berhemhênan behoy "harîkarîy berhemhêneran - associated to producers"ewe berrêwe bibrêt?

bêgoman ewan le kongrey înternasîwnallî yekemî pêş şerrî 1970da, hestyan be pêdawîstî pêkhatin letek bakonîstekan kirdbû. bellam eweş bllêyn, ke markis hîçkat le wirdekarîda rêgegelêk, ke detwanin xoberrêweberî berrê bxen, neçuwe belayanda, le katêkda, ke prodon (Proudhon) le berhemekanîda laperrey frey bo em pirse terxankirdbû. prodon ke jyanî wek kargerêk dest pêkirdbû, deyzanî ke bas le çî dekat. wî bewirdbînyewe dabuwe "komelle kargerîyekan Worker-associationis", ke le şorrşî 1848da seryanhelldabû. bellam hoy ew hellwêstey markis, lewaneye leber be"xeyallî - utopian" dananî pirsî xoberrêweberî le lay wî bêt. ewroke ême komunîste azadîxwazekan, beşêkîn lewane ke lanîkem le

ئەورووپای ڕۆژئاوا خۆبەڕیوەبەرییان کردووە بە بابەتی خۆژ، پرسیارێکی کۆنکرێت و خستویانەتە بەرنامەی کاری ڕۆژەوە. پرسیارێك، کە ئیتر جێکەوتە بووە و ئەرۆکە لەلایەن نزیکەی هەرەزۆری ڕەوتە ڕامیارییەکانەوە دەستی بۆ دەبرێت، گۆڕانی بەسەردا هێنراوە و کورتکراوەتەوە.

## .VII

هەنووکە پەنجە دەخەینە سەر ئەوە، کە مارکسیستەکان و ئەنارکیستەکان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی پرۆلیتێرییانەو ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە. یەکەمین هێرش لەلایەن "مارکس و ئەنگلس"ەوە لەدژی شتاینەر (Steiner) لە پەرتووکی پڕدژایەتی «ئایدیۆلۆژی ئاڵمانی»ەوە دەستییپێکرد. لەوێدا پرسەکە لەسەر خراپ لەیەك گەیشتنێکی دوولایەنە بوو. شتاینەر ڕوونی نەکردبووەوە، کە لەپاڵ ستایشیدا بۆ «من» ی «تاك»، لەڕاستیدا لایەنگری یەکگرتنی خۆخواستانەی ئەم «تاکە»یە لەتەك تاکەکانی تر. لەڕاستیشدا وی کۆمەڵگەی هەنووکەیی پێشنیار دەکات، کە لەسەر بنەمای فیدرالی و مافی جیابوونەوە دامەزرابێت. هەر ئەم بۆچوونە دواتر باکۆنین و دواجار لێنین لەمەڕ پرسی نەتەوەییدا، بەکاریان هێناوە. مارکس و ئەنگلس بە هەڵە ڕەخنە توندەکانی شتاینەر بەرامبەر کۆمونیزم بەکۆنەپەرستی وی دادەنێن، لە کاتێکدا کە هێرشەکانی شتاینەر لە بنەڕەتدا ئاراستەی جۆرێکی تایبەت لە کۆمونیزم بوون، دژی «ناڕۆشنەکان- Clumsy» کۆمونیزمی دوڵەتی، کە کۆمونیستە خەیاڵییەکانی (utopian communism) سەردەمی خۆی، لەوانە

ewrupay xojawa xoberrîweberîyan kirduwe be babetî roj, pirsyarêkî konkrêt û xistuyanete bernamey karî rojewe. pirsyarêk, ke îtir cêkewte buwe û eroke lelayen nzîkey herezorî rewte ramyarîyyekanewe destî bo debrêt, gorranî beserda hênrawe û kurtikrawetewe.

## VII.

henûke pence dexeyne ser ewe, ke marksîstekan û enarkîstekan her le seretay serhelldanî prolîtêrîyanew rûberrûy yektir bûnetewe. yekemîn hêrş lelayen “markis û englis”ewe ledjî ştayner (Steiner) le pertûkî pirrdjayetî "aydyolojî allmanî"ewe destîpêkird. lewêda pirseke leser xrap leyek geyiştnêkî dûlayene bû. ştayner rûnî nekirdbuwewe, ke lepall stayşîda bo "min" î "tak", lerrastîda layengrî yekgirtnî xoxwastaney em "take"eye letek takekanî tir. lerrastîşda wî komellgey henûkeyî pêşnyar dekat, ke leser bnemay fîdralî û mafî cyabûnewe damezrabêt. her em boçûne dwatir bakonîn û dwacar lênîn lemerr pirsî neteweyîda, bekaryan hênawe. markis û englis be helle rexne tundekanî ştayner beramber komunîzm bekoneperistî wî dadenên, le katêkda ke hêrşekanî ştayner le bnerretda arastey corêkî taybet le komunîzm bûn, djî "narroşnekan- Clumsiy" komunîzmî dulletî, ke komunîste xeyallîyekanî (utopian communism) serdemî xoy, lewane

ڤایتلینگ (Weitling) لە ئاڵمان و کابە (Cabet) لە فەرەنسە، کە هاندەری ڕەخنەکانی شتاینەر پێداگری بوو لە ئازادی تاکەکەسی.

هەر بەوجۆرەی کە پێشتر وتمان، هێرشی توندی "مارکس"یش بۆ سەر پرۆدۆن تارادەیەك لەبەر شتگەلی ئاوا بوو، پرۆدۆن پێشوازی لە موڵکایەتی تایبەتی گچکە دەکرد، چونکە لەودا پشتیوانەی سەربەخۆیی تاکەکەسی دەبینی. بەڵام شتێك کە مارکس لێی تێناگات ئەوەیە، کە پرۆدۆن لە پیشەسازی گەورە و گرنگی بەشی سەرمایەداریدا، بەتەواوی خۆی بەپشتیوانگەری موڵکایەتی گشتی دەناساند. لەبیرمان نەچێت کە پرۆدۆن لە «پەڕاوەکان - Carnets»یدا ئاوا دەنووسێت: „پیشەسازی گچکە، بەهەمان ڕادەی فەرهەنگی گچکە، گەمژانەیە؟". لە پیشەسازی گەورەشدا، وی بێچەندوچوون کۆمەڵگەرایە. لە ڕوانگەی "پرۆدۆن"دا ڕێکخراوگەلێك لەژێر نێوی "هەرەوەزی کارگەری - Worker-companies"دا پێویستە ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن، واتە بەڕێوەبردنی پیشەسازی گەورە لەوانە هێڵی شەمەندەفەر، کارخانە گەورەکان، دەرهێنانی کانەکان، چێکردنی پۆڵا و دەریاوانی، ... هیتریان، لە ئەستۆیە.

لەتەك ئەوەی کە پرۆدۆن لە کۆتایی ژیانیدا، لە «لێهاتوویی ڕامیاریی چینی کارگەر»دا، خۆی بە لایەنگری جیابوونەوەی تەواوی چینی کارگەر لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی یا بەواتایەکیتر لایەنگری خەباتی چینایەتی ڕادەگەیێنێت، بەڵام هێشتا ئەمەش مارکس لە نیازخراپی بەرامبەر پرۆدۆنیزم، کە بە سۆشیالیزمی وردەبۆرژوازی دایدەنێت، ناگێرێتە دواوە.

vaytlîng (Weitling) le allman û kabe (Cabet) le ferense, ke handerî rexnekanî ştayner pêdagrî bû le azadî takekesî.

her bewcorey ke pêştir witman, hêrrşî tundî “markis”îş bo ser prrodon taradeyek leber şitgelî awa bû, prodon pêşwazî le mullkayetî taybetî giçke dekird, çunke lewda piştîwaney serbexoyî takekesî debînî. bellam ştêk ke markis lêy tênagat eweye, ke prodon le pêşesazî gewre û gringî beşî sermayedarîda, betewawî xoy bepiştîwangerî mullkayetî giştî denasand. lebîrman neçêt ke prodon le "perrawekan -Carnetis"îda awa denûsêt: „pêşesazî giçke, beheman radey ferhengî giçke, gemjaneye?“. le pêşesazî gewreşda, wî bêçenduçûn komellgeraye. le rwangey “prodon”da rêkixrawgelêk lejêr nêwî “herewezî kargerî - Worker-companies”da pêwîste rollî serekî bgêrrn, wate berrêwebirdnî pîşesazî gewre lewane hêllî şemendefer, karxane gewrekan, derhênanî kanekan, çêkirdnî polla û deryawanî, ... hîtiryan, le estoye.

letek ewey ke prodon le kotayî jyanîda, le "lêhatûîy ramyarîy çînî karger"da, xoy be layengrî cyabûnewey tewawî çînî karger le komellgey borijwazî ya bewatayekîtir layengrî xebatî çînayetî radegeyênêt, bellam hêşta emeş markis le nyazixrapî beramber prodonîzm, ke be soşyalîzmî wirdeborijwazî daydenêt, nagêrête dwawe.

هەنووکە با سەرنجی مشتومڕی بەردەوام و ناپاکی نێوان مارکس و باکۆنین لە نێونەتەوەیی یەکەمدا بدەین؛ لێرەشدا لەتەك جۆرێك لە خراپ لەیەك گەیشتن ڕووبەڕووین. باکۆنین تاڕادەی زیادەڕەویگەرانە مارکس بە دێوێکی دەسەلاتخواز و تینووی فەرمانڕەوایی بەسەر بزووتنەوەی کارگەریدا دەناساند. لەم نێوەدا ئەوەی کە سەرسوڕهێنەرە، ئەوەیە کە باسەکانی باکۆنین ناوەڕۆکێکی پێخەمبەرانەیان هەیە، وی بەباشی داهاتووە دوورەکان دەبینێت. لەهەمان کاتدا کە هاتنەسەرشانۆی «بیرۆکراسی سوور» پێشبینی دەکات، ستەمکارییەك کە سەرنجام ڕابەرانی نێونەتەوەیی سێیەم کۆمینتێرن(Komintern) بەسەر بزووتنەوەی کارگەریدا ڕەوای دەبینن, هەست پێدەکات. مارکس بە تۆمەت دانەپاڵ باکۆنین بە نزمترین شێواز و بە ڕاوەرگرتن بۆ دەرکردنی باکۆنین لە نێونەتەویی یەکەمدا, لە کۆنگرەی هاگەر [3] لە سێپتەمبەری 1872دا، دەست بە هێرشی بەرامبەر دەکات.

پاش ئەم ڕووداوە، پردەکانی نێوان ئانارکیزم و مارکسیزم دەڕوخێن و دەبێتە کارەساتێکی گەورە بۆ چینی کارگەر، لەبەر ئەوەی کە هەر یەك لەم دوو بزووتنەوە پێویستیان بە هاوکاری تیۆری و کردەیی ئەویتر هەبوو. لەهەشتاکانی سەدەی 19دا تێکۆشان بۆ پێکهێنانی نێونەتەوەیەکی ئەنارکیستی لەتەك شکستدا ڕووبەڕوو دەبێت. وەها نێونەتەوەییەك سەرەڕای نیازەکانی، بەگشتی لە بزووتنەوەی کارگەری دادەبڕێت.

لە کاتێکدا کە لەو سەردەمەدا مارکسیزم بەخێرایی لە ئاڵمان بە گەشەی سۆشیال-دیموکراسی و لە فەرەنسە بە دامەزراندنی

henûke ba serincî miştumrrî berdewam û napakî nêwan markis û bakonîn le nêwneteweyî yekemda bdeyn; lêreşda letek corêk le xrap leyek geyiştin rûberrûyn. bakonîn tarradey zyaderrewîgerane markis be dêwêkî deselatixwaz û tînûy fermanrrewayî beser bzûtnewey kargerîda denasand. lem nêweda ewey ke sersurhênere, eweye ke basekanî bakonîn nawerrokêkî pêxemberaneyan heye, wî bebaşî dahatuwe dûrekan debînêt. leheman katda ke hatneserşanoy "bîrokrasî sûr" pêşbînî dekat, stemkarîyek ke serincam raberanî nêwneteweyî sêyem komîntêrn(Komintern) beser bzûtnewey kargerîda reway debînin, hest pêdekat. markis be tomet danepall bakonîn be nzimtrîn şêwaz û be rawergirtin bo derkirdnî bakonîn le nêwnetewîy yekemda, le kongrey hager [3] le sêptemberî 1872da, dest be hêrşî beramber dekat.

paş em rûdawe, pirdekanî nêwan anarkîzm û marksîzm derruxên û debête karesatêkî gewre bo çînî karger, leber ewey ke her yek lem dû bzûtnewe pêwîstyan be hawkarî tyorî û kirdeyî ewîtir hebû. leheştakanî sedey 19da têkoşan bo pêkhênanî nêwneteweyekî enarkîstî letek şkistda rûberrû debêt. weha nêwneteweyyek sererray nyazekanî, begiştî le bzûtnewey kargerî dadebrrêt.

le katêkda ke lew serdemeda marksîzm bexêrayî le allman be geşey soşyal-dîmukrasî û le Ferense be damezrandnî

پارتی کارگەری لەلایەن (Jules Guesdes)، گەشە دەکات. دواتر پارتی جۆراوجۆری سۆشیال-دێمۆکرات لە دەوری یەك کۆبوونەوە و نێونەتەوەیی دووەمیان پێکهێنا. لە کۆنگرەکانی دواتریاندا زۆرجار مشتومڕ لەتەك ئازادیخوازانێك ڕوی‌دەدا، کە هەلیان بۆ دەڕەخسا، لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بکەن. ساڵی 1893 سۆشیالیستی ئازادیخواز دۆملا نیۆوینهویس (Domela Nieuwenhuis)ی هۆلەندی لە وتارێکی توند و پاراودا، سۆشیال‌دیوکراسی ئاڵمانی تاوانبارکرد و لەتەك هەراوهوی ئامادەبووان ڕووبەڕوو بوو. ساڵی 1896 لە لەندەن کچی مارکس، ئاڤێلینگ (Aveling) و ڕابەری سۆشیالیستەکانی فەرەنسە ژان ژورس (Jean Jaurès) بە جنێودان بە ئەنارکیستەکان، کە وەك نوێنەری سەندیکا کارگەییەکان توانیبوویان بێنە هۆڵی کۆنگرەوە، کردە دەرەوە.

هەڵبەتە ئەوە ڕاستە کە تیرۆریزمی ئەنارکیستی، کە لە ماوەی سالەکانی 1890 تا 1895 لە فەرەنسە ئاژاوەی بەرپادەکرد، کۆمەکێکی بەنرخی بەڕەتکردنەوە و دژایەتی هیستریانە ( hysterical ) بەرامبەر ئەنارکیستەکان، کە ئیتر بە «چەتە» دەژمێردران، کرد. ڕیفۆرمیستە شەرمنۆك و یاساگەراکان لە توانایاندا نەبوو، لە پاڵنەری شۆڕشگێڕیی ئەنارکیستەکان بگەن و هۆی پەنابردنیان بۆ توندوتیژی وەك نارەزایەتییەکی پڕ دەنگدانەوە لە دژی کۆمەڵگەی نەفرەتاوی، دەرك بکەن.

لەنێوان سالآنی 1860- 1914 سۆشیال-دیموکراسی ئاڵمان و زیاتر لەو دەزگەی پانوپۆڕی سەندیکا کارگەرییەکانی ئاڵمان، بەردەوام

partî kargey lelayen (Jules Guesdes), geşe dekat. dwatir partî corawcorî soşyal-dêmokrat le dewrî yek kobûnewe û nêwneteweyî duwemyan pêkhêna. le kongrekanî dwatiryanda zorcar miştumirr letek azadîxwazanêk ruydeda, ke helyan bo derrexsa, le kobûnewekanda beşdar bken. sallî 1893 soşyalîstî azadîxwaz domla nyowînhuys (Domela Nieuwenhuis)î holendî le wtarêkî tund û parawda, soşyaldîwkrasî allmanî tawanbarkird û letek herawhuy amadebuwan rûberrû bû. sallî 1896 le lenden kçî markis, avêlîng (Aveling) û raberî soşyalîstekanî ferense jan jurs (Jean Jaurès) be cnêwdan be enarkîstekan, ke wek nwênerî sendîka kargeyyekan twanîbûyan bêne hollî kongrewe, kirde derewe.

hellbete ewe raste ke tîrorîzmî enarkîstî, ke le mawey salekanî 1890 ta 1895 le ferense ajawey berpadekird, komekêkî benirxî berretkirdnewe û djayetî hîstiryane (hyisterical) beramber enarkîstekan, ke îtir be "çete" dejmêrdran, kird. rîformîste şerimnok û yasagerakan le twanayanda nebû, le pallnerî şorrişgêrrîy enarkîstekan bgen û hoy penabirdinyan bo tundutîjî wek narrezayetîyekî pirr dengdanewe le djî komellgey nefretawî, derk bken.

lenêwan sallanî 1860- 1914 soşyal-dîmukrasî allman û zyatir lew dezgey panuporrî sendîka kargerîyekanî allman, berdewam

خەریکی کەنارخستنی ئەنارکیزم بوون. تەنانەت کاتێك کە کاوتسکی ڕایگەیاند، کە لایەنگری مانگرتنی جەماوەرییە، بیرۆکراتانی کرێکاری سەرولای خۆی وەك «ئەنارکیستێك» گومانیان لێکرد. بەڵام لە فەرەنسە پرسەکە بەپێچەوانەوە بوو. پارلەمانگەرایی (Parliamentary) و ڕیفۆرمیزمی هەڵبژێرگەرای ژوریس (Jaurès)، نەفرەتیان لە کارگەرانێك دەکرد، کە بەخۆیان لێهاتووی دامەزراندنی ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕانەی سەندیکالیستیی و خەباتکارانەی سەربەخۆی سێ.ژێ.تێ (CGT)یان پێکهێنابوو، کە پێشڕەوانی فێرناند پلوتیە (Fernand Pelloutier)، ئێمیل پوژە (Emile Pouget)و پییەر مۆنات (Pierre Monate) بوون، کە لە بزووتنەوەی ئەنارکیستییەوە سەریاهەڵدابوو.

شۆڕشی ڕوسیە و دواتر شۆڕشی ئەسپانیا کەلێنی نێوان ئەنارکیزم و مارکسیزمیان فراوانتر کرد. کەلێنێك کە چیتر نەك تەنیا بەرهەمی ناکۆکی ئایدیۆلۆژیکی، بەڵکو بە کردەوەش خوێناوی بوو. بۆ کۆتاییهێنان بە سەرنجەکانی سەرەوە لەسەر رابوردووی مارکسیزم و ئەنارکیزم، دەبێت دوو تێبینییەی تریشی بۆ زیادبکەم:

1- هەندێك لە مارکسناسانی وەك ماکسیمیلیان ڕۆبل (Maxumilan Robel) لە فەرەنسە، بەدڵنیاییەوە بەهەڵەداچوون – ئەگەر هەموویشی نەبێت-، ئەگەر لە مارکسدا مەیلی «ئازادڕەوانە» بەدی بکەن.

xerîkî kenarxistnî enarkîzm bûn. tenanet katêk ke kawtiskî raygeyand, ke layengrî mangirtnî cemawerîye, bîrokratanî krêkarî serulay xoy wek "enarkîstêk" gumanyan lêkird. bellam le ferense pirseke bepêçewanewe bû. parlemangerayî (Parliamentary) û rîformîzmî hellbjêrgeray jurîs (Jaurès), nefretyan le kargeranêk dekird, ke bexoyan lêhatûy damezrandnî rêkixrawey şorrişgêrraney sendîkalîstîy û xebatkaraney serbexoy sê.jê.tê (CiGT)yan pêkhênabû, ke pêşrrewanî fêrnand plutye (Fernand Pelloutier), êmîl puje (Emile Pouget)û pîyer monat (Pierre Monate) bûn, ke le bzûtnewey enarkîstîyewe seryahelldabû.

şorrşê rusye û dwatir şorrşî espanya kelênî nêwan enarkîzm û marksîzmyan frawantir kird. kelênêk ke çîtir nek tenya berhemî nakokî aydyolojîkî, bellku be kirdeweş xwênawî bû. bo kotayîhênan be serincekanî serewe leser raburdûy marksîzm û enarkîzm, debêt dû têbînîyey trîşî bo zyadbkem:

1- hendêk le markisnasanî wek maksîmîlyan robil (Maxumilan Robel) le ferense, bedillnyayyewe behelledaçûn – eger hemûyşî nebêt-, eger le markisda meylî "azadrrewane" bedî bken.

2- هەندێك لە ئەنارکیستە دەستەگەرا و بیرتەسکەکانی وەك گاستون لێڤال (Gaston Leval) لە فەرەنسە، بەدڵنیاییەوە بەهەڵەداچوون، کە بە هەستێکی کوێرانەوە، وەك ئەهریمەنێك لە مارکس دەڕوانن. دەمەوێت لە شوێنێکدا لەنێوان ئەم ئەم دوو پیاوە توندڕەوە جێگیربم، هەرچەندە هەردووکیان هاوەڵمن.

## .VIII

ئەی هەنووکە چی؟ بەبێگومان، ئێستاکە لەبەردەم بوژانەوەیەکی (Renaissans) سۆشیالیزم یئازادیخوازانە داین. من لێرەدا ناچارم پەنجە بخەمەسەر چۆنیەتی بوژانەوەی دووبارەی لە مانگی مەی **(ئایار)** 1968 لە فەرەنسەدا. خۆبەخۆترین، چاوەڕواننەکراوترین و نائامادەکراوترینی ڕاپەڕینەکان بوو. شەپۆلێکی بەهێزی ئازادی وڵاتی گرتەوە، وەها وێرانکەر و لەهەمان کاتدا ئافرێنەر بوو، کە ئیتر هیچ شتێکی وەك پێشووی خۆی نەهێشتەوە. ژیان گۆڕا یا ئەگەر بمانەوێت دەتوانین بڵێین، کە ئێمە ژیانمان گۆڕی. بەڵام وەها لەدایکبوونەوەیەکی دووبارە، لە چوارچێوەی بوژانەوەیەکی سەرلەنوێ لە سەراپای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا و بەتایبەت لەنێوان لاوانی خوێندکاردا پێکدەهات. بەم هۆیەوە چیتر دابڕە بەهێزەکانی نێوان بزووتنەوە ئازادیخوازەکان و ئەوانەی کە پاگەندەی لایەنگری «مارکسیزم-لێنینیزم» دەکەن، بوونیان نییە. تەنانەت دەتوانرێت بگوترێت جۆرێك لە ئاوەڵایی نادەستەگەرایانەش لەنێوان ئەم بزووتنەوە جۆراوجۆرانەدا سەریهەڵدا. هاوڕێیانی لاو لە فەرەنسە، لە گروپە مارکسیستە

2- hendêk le enarkîste destegera û bîrteskekanî wek gastun lêval (Gaston Leval) le ferense, bedillnyayyewe behelledaçûn, ke be hestêkî kwêranewe, wek ehrîmenêk le markis derrwanin. demewêt le şwênêkda lenêwan em em dû pyawe tundrrewe cêgîrbim, herçende herdûkyan hawellmin.

## VIII.

ey henûke çî? bebêguman, êstake leberedem bujaneweyekî (Renaissanis) soşyalîzm îazadîxwazane dayn. min lêreda naçarm pence bxemeser çonyetî bujanewey dûbarey le mangî mey (ayar) 1968 le ferenseda. Xobexotrîn, çawerrwannekrawtrîn û naamadekrawtrînî raperrînekan bû. şepolêkî behêzî azadî wllatî girtewe, weha wêranker û leheman katda afrêner bû, ke îtir hîç ştêkî wek pêşûy xoy nehêştewe. jyan gorra ya eger bmanewêt detwanîn bllêên, ke ême jyanman gorrî. bellam weha ledaykbûneweyekî dûbare, le çwarçêwey bujaneweyekî serlenwê le serapay bzûtnewey şorrişgêrraneda û betaybet lenêwan lawanî xwêndkarda pêkdehat. bem hoyewe çîtir dabrre behêzekanî nêwan bzûtnewe azadîxwazekan û ewaney ke pagendey layengrî "marksîzm-lênînîzm" deken, bûnyan nîye. tenanet detwanrêt bgutrêt corêk le awellayî nadestegerayaneş lenêwan em bzûtnewe corawcoraneda serîhellda. hawrêyanî law le ferense, le grupe marksîste

دەسەلاتخوازەکانەوە دەچوونە ناو گروپە ئەنارکیستەکان و هەروا پێچەوانەی ئەمەش ڕوویداوە. گروپگەلی «ماویستی- Maoists» هەبوون، کە سەراپا لەژێر کارایی ئازادیخوازیدا، هەڵوەشاونەتەوە یا کەوتنەتە ژێر کارایی بۆچوونە ئەنارکیستییەکان. تەنانەت گروپە ترۆتیسکیستەکانیش بەشێك لە تێڕوانینی خۆیان لەژێر کارایی نووسین و تیۆرییە ئەنارکیستییەکاندا دەگۆڕی. کەسانی وەك ژان پۆل سارتر (Jean Paul Sartre) و هاوەڵەکانی ئەوڕۆکە لە بڵاوکراوە مانگانەکانیادا، تێڕوانینی ئەنارکیستی دەردەبڕن و بەشێوەیەك کە یەکێك لە وتارەکانی ئەم دواییانەیان بەنێوی "ماڵئاوا لێنین" بوو.

بێگومان هێشتاکە گروپی مارکسیستی دەسەڵاتخواز هەن، کە بەتایبەت دژی ئازادیخوازین، هەر بەوجۆرەی کە گروپی ئەنارکیستی لە ئارادان، کە تا هەنووکەش ئاواناسراون کە دژە مارکسیستین.

هەردوو ڕێکخراوی کۆمونیستی ئازادیخواز[4]، کە لە فەرەنسە هەن و بەتەمان بەم نزیکانە یەکگرن، خۆیان لەنێوان ئەنارکیزم و مارکسیزمدا دەبیننەوە. ئەم ڕێکخراوانە لەتەك ئەنارکیستە کلاسیکەکان، ئەم خاڵە هاوبەشەی تێڕوانینیان هەیە، کە هەردووکیان دەگەڕێنەوە سەر جووڵانەوەی دژە دەسەلاتخوازی، کە گەیشتە نێونەتەوەیی یەکەم. لەهەمان کاتدا لەتەك مارکسیستەکانیش ئەم خاڵە هاوبەشەی تێڕوانینیان هەیە، کە

deselatixwazekanewe deçûne naw grupe enarkîstekan û herwa pêçewaney emeş rûydawe. grupgelî "mawîstî-Maoistis" hebûn, ke serapa lejêr karayî azadîxwazîda, hellweşawnetewe ya kewtnete jêr karayî boçûne enarkîstîyekan. tenanet grupe trotîskîstekanîş beşêk le têrrwanînî xoyan lejêr karayî nûsîn û tyorîye enarkîstîyekanda degorrî. kesanî wek jan pol sartir (Jean Paul Sartre) û hawellekanî ewroke le bllawkrawe manganekanyada, têrrwanînî enarkîstî derdebrrin û beşêweyek ke yekêk le wtarekanî em dwayyaneyan benêwî “mallawa lênîn” bû.

bêguman hêştake grupî marksîstî desellatixwaz hen, ke betaybet djî azadîxwazîn, her bewcorey ke grupî enarkîstî le aradan, ke ta henûkeş awanasrawn ke dje marksîstîn.

herdû rêkixrawî komunîstî azadîxwaz[4], ke le ferense hen û beteman bem nzîkane yekgrin, xoyan lenêwan enarkîzm û marksîzimda debînnewe. em rêkixrawane letek enarkîste klasîkekan, em xalle hawbeşey têrrwanînyan heye, ke herdûkyan degerrênewe ser cûllanewey dje deselatixwazî, ke geyişte nêwneteweyî yekem. leheman katda letek marksîstekanîş em xalle hawbeşey têrrwanînyan heye, ke

هەردووکیان بە لێبڕاوی لە بواری خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا و تێکۆشان بۆ لەناوبردنی دەسەلاتی سەرمایەداری خەبات دەکەن.

کۆمونیستە ئازادیخوازەکان لەلایەکەوە هەوڵدەدەن، تەواوی ئەو سەرخەتە بنەمایانەی کە لەرابوردووی ئەنارکیزمەوە بەجێماون، زیندووکەنەوە - بۆ نموونە، ئامانج لە بڵاوکردنەوەی پەرتووکی «ئانارشیزم» و «نەخوا و نەسەروەر»، هەر ئەمە بووە- و لەلایەکیترەوە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان، ئەو بەرهەمانەی مارکس و ئەنگلس، بەتایبەت ئەو بەشانەیان، کە هێشتاکە بە کەڵك و کاران و وەڵام بەپێدوایستییەکانی سەردەمی ئێمە دەدەنەوە، ڕەتناکەنەوە، لەوانە چەمکی "لەخۆ نامۆبوون"، کە لە «دەستنووسەکانی 1844»دا مارکسی لاودا دەبینرێت. ئەم تێگەیشتنە بەباشی لەتەك پێداگری ئەنارکیستەکان لەسەر ئازادی تاکەکەسی دەگونجێت، یا ئەو بڕوایەی کە ئازادی پرۆلیتاریا تەنیا بەدەستی خۆی مەیسەردەبێت، تەواو بەپێچەوانەی ئەو ئەو بۆچوونانەوە کە دەیانەوێت هۆشیاری شۆڕشگێڕانە لە دەرەوەی چینی کرێکارەوە بێننە ناوی. دواجار مێتۆدۆلۆژی بەناوبانگی ماتریالیزمی دیالەکتیکی و مێژوویی، کە هێشتاکەش وەك یەکێك لە هێڵە ڕێنوێنیکەرەکانی دەرککردنی ڕووداوەکانی ڕابوردوو و ئێستا ماوەتەوە، بەشێکە لەو میراتە، بەو مەرجەی ئەم میتۆدە بەشێوەیەکی وشك و میکانیکی بەکار نەبرێت و نەکرێتە بیانوو بۆ خۆدزینەوە لە خەبات، بەوەی کە هێشتاکە، بنەما مادییەکانی شۆڕش لە ئارادانین، بەوجۆرەی ستالینیستەکان سێ جار لە فەرەنسە لە ساڵانی 1936ـ 1945، 1968 پەنایان بۆ برد. مەرجێکی تر ئەوەیە کە پشتبەستن بەو

herdûkyan be lêbrrawî le bwarî xebatî çînayetî prrolîtarya û têkoşan bo lenawbirdnî deselatî sermayedarî xebat deken.

komunîste azadîxwazekan lelayekewe hewilldeden, tewawî ew serxete bnemayaney ke leraburdûy enarkîzmewe becêmawn, zîndûkenewe - bo nmûne, amanc le bllawkirdnewey pertûkî "anarşîzm" û "nexwa û neserwer", her eme buwe- û lelayekîtrewe komunîste azadîxwazekan, ew berhemaney markis û englis, betaybet ew beşaneyan, ke hêştake be kellk û karan û wellam bepêdwayistîyekanî serdemî ême dedenewe, retnakenewe, lewane çemkî “lexo namobûn”, ke le "destnûsekanî 1844"da marksî lawda debînrêt. em têgeyiştne bebaşî letek pêdagrî enarkîstekan leser azadî takekesî deguncêt, ya ew birrwayey ke azadî prolîtarya tenya bedestî xoy meyserdebêt, tewaw bepêçewaney ew ew boçûnanewe ke deyanewêt hoşyarî şorrişgêrrane le derewey çînî krêkarewe bênne nawî. dwacar mêtodolojî benawbangî matiryalîzmî dyalektîkî û mêjûîy, ke hêştakeş wek yekêk le hêlle rênwênîkerekanî derkkirdnî rûdawekanî raburdû û êsta mawetewe, beşêke lew mîrate, bew mercey em mîtode beşêweyekî wişk û mîkanîkî bekar nebrêt û nekrête byanû bo xodzînewe le xebat, bewey ke hêştake, bnema madîyekanî şorrş le aradanîn, bewcorey stalînîstekan sê car le ferense le sallanî 1936, 1945, 1968 penayan bo bird. mercêkî tir eweye ke piştbestin bew

دووانە لەسەر بنەمای ویستی تاکەکەسی و خۆبەخۆیی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر بێت.

بەوجۆرەی کە مێژوونووسی ئازادیخواز کامینسکی (Kaminsky) لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی خۆیدا لەبارەی «باکۆنین»ەوە دەڵێت " سەنتێزی نێوان مارکسیزم و ئەنارکیزم، نەك تەنیا پێویستە بەڵکو وەلانانیشی لە تواناادا نییە. وی درێژەی دەداتێ و دەڵێت «مێژوو بەخۆی گونجاندنەکانی مەیسەر دەکات».

دەمەوێت وەك ئەنجامگیرییەکی کەسی خۆم بڵێم. کۆمونیزمی ئازادیخواز، کە بەرهەمی وەها پێکهاتەیەکە بەبێگومان ئارەزووی فراوانی کارگەرانی هوشیار و پێشکەوتوو -تەنانەت ئەگەر هەندێکجاریش هێشتاکە بەتەواوی هوشیار نەبن- واتە بەشێك کە ئەوڕۆکە «چەپی کارگەری»یان پێدەڵێین، زۆر زیاتر لە مارکسیزمی دەسەڵاتخواز و ئەنارکیزمی وشلەهەڵهاتوو، دەردەبڕێت.

**لە وتاردانێکدا لە نیویۆرك بە میژووی 06/11/1973 پێشکەش کراوە. (لەبەر ڕۆشنایی وەرگێڕانە ئاڵمانییەکەیدا کە چاپەمەنی کۆمەڵگەی ئازاد، کە دوو ساڵ دواتر واتە لە 1975دا بلاوکراوەتەوە، هەڵەکانی ڕاستکراونەتەوە). و.ك**

duwane leser bnemay wîstî takekesî û xobexoyî şorrişgêrraney cemawer bêt.

bewcorey ke mêjûnûsî azadîxwaz kamîniskî (Kaminiskiy) le pertûke benawbangekey xoyda lebarey "bakonîn"ewe dellêt “ sentêzî nêwan marksîzm û enarkîzm, nek tenya pêwîste bellku welananîşî le twanada nîye. wî drêjey dedatê û dellêt "mêjû bexoy guncandnekanî meyser dekat".

demewêt wek encamgîrîyekî kesî xom bllêm. komunîzmî azadîxwaz, ke berhemî weha pêkhateyeke bebêguman arezûy frawanî kargeranî huşyar û pêşkewtû -tenanet eger hendêkcarîş hêştake betewawî huşyar nebin- wate beşêk ke ewroke "çepî kargerî"yan pêdellêyn, zor zyatir le marksîzmî desellatixwaz û enarkîzmî wşilhellhatû, derdebrrêt.

le wtardanêkda le nîwyork be mîjûy 06/11/1973 pêşkeş krawe. (leber roşnayî wergêrrane allmanîyekeyda ke çapemenî komellgey azad, ke dû sall dwatir wate le 1975da blawkrawetewe, hellekanî rastikrawnetewe). û.kurdi

**پەراوێز:-**

* سەرچاوەی دەقە ئاڵمانییەکەی
سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسییەکەی
http://persianblog.com/?date=13831227&blog=anarchi (و.ك)

[1] ئەم بەشە لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا پەڕێنراوە، کە لە وەرگێڕانە ئاڵمانیەکەی دا ئاوا هاتووە:

Welch ein Unterschied auch zwischen den Abschnitten im Kommunistischen Manifest 1848, welche forderten, daß der Staat die Gewalt über die gesamte Ökonomie erlange und den späteren Erklärungen, in denen der Staat durch die assoziierten Produzenten ersetzt wird. (و.ك)

[2] لە دەقە ئاڵمانییەکەدا ئەم واژەیە liberären kommunismus زۆرجار بەکارهاتووە کە لە وەرگێڕانەکە فارسییەکەدا هەر واژەی ئەنارکیزم بەکارهاتووە، هەرچەندە لە وەرگێڕانە ئاڵمانییەکەدا هەر دوو واژەکە واتە (Anarchismus و kommunismus liberären) لە شوێنی تایبەتیدا بەکاربراون. لە کوردیدا بە مانای کۆمونیزمی ئازادیخوازانە، کە لە فارسییەکەیدا بە (کمونیسم آزادمنش) و لە عەرەبییدا بە (الشيوعية التحررية) و بە ئینگلیزیش Libertarian communism دێت. (و.ك)

[3] لە دەقە ئاڵمانیەکەدا کۆنگرەی هاگەر (Haager)ی 1872 نووسراوە، بەڵام لە فارسیەکەدا کۆنگرەی (لاهه) نووسراوە. (و.ك)

[4] لە دەقە فارسیەکەدا تەنیا ئاماژە بۆ یەك ڕێکخراو کراوە بەناوی (او . ث . ال) کە دەکرێ بە لاتینییەکەی ئاوابێ (U.TH.L). بەڵام لە دەقە ئاڵمانییەکەدا ئاماژە بە دوو ڕێکخراوی هاوئاراستە دەکات و نێوی هیچکامیانی نەهێناوە. (و.ك)

perwaêz:-

* serçawey deqe allmanîyekey
http://www.anarchismus.at/txt4/guerin.htm
serçawey wergêrrane farsîyekey
http://persianblog.com/?date=13831227&blog=anarchi (û.ku)

[1] em beşe le wergêrrane farsîyekeda perrênrawe, ke le wergêrrane allmanyekey da awa hatuwe:
Welcih ein Unterischied auch zwischen den Abiscihnitten im Kommunistischen Manifest 1848, welche forderten, daß der Staat die Gewalt über die gesamte Ökonomie erlange und den sipäteren Erkilärungen, in denen der Staat durcih die assoziierten Produzenten ersetizt wird .(û.k)


[2] le deqe allmanîyekeda em wajeye liberären kommunismus zorcar bekarhatuwe ke le wergêrraneke farsîyekeda her wajey enarkîzm bekarhatuwe, herçende le wergêrane allmanîyekeda her dû wajeke wate (Anarchismus ü liberären kommunismus) le şwênî taybetîda bekarbrawn. le kurdîda be manay komunîzmî azadîxwazane, ke le farsyekeyda be (kmunîsm azadandêş) û le 'erebîda be (alşîw'ye althirrye) û be înglîzîş Libertarian communism dêt (û.k)

[3] le deqe allmanyekeda kongrey hager (Haager)î 1872 nûsrawe,bellam le farsyekeda kongrey(lahei)nûsrawe.(û.ku)

[4] le deqe farsyekeda tenya amaje bo yek rêkixraw krawe benawî (U.TiH.L). bellam le deqe allmanîyekeda amaje be dû rêkixrawî hawaraste dekat û nêwî hîçkamyanî nehênawe. (û.ku)

# Marksîzm û Enarkîzm

**Daniel Guérin**



wergêrranî le farsîyewe:

**Hejên**

le bllawkrawekanî Sekoy Enarkîstanî Kurdistan
jmare (1) , January 2010